زنجیرە پەیامێك بۆ لاوان (٢)

# حوکمی
# خۆشەویستی و عیشق لەئیسلامدا
# لەگەڵ
# گفتوگۆیەك لەگەڵ ( قانع خورشید )دا

نوسینی

هیـــــوا زیرەك

پێداچوونەوەی

مامۆستا عەدنان بارام کەلاری

ساڵی ١٤٣٢ی کۆچی _ ٢٠١١ی لەدایك بوون

==================================

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

**عێراق - کوردستان - کەلار**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

**کتێبی ژمارە** ﴿108﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور انفسنا ، ومن سيئات اعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

واشهد ان لا إله إلا الله وحده لا شريك له .

واشهد ان محمدا عبده ورسوله .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ [ال عمران : ١٠٢]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾ [النساء : ١]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ [الاحزاب: ٧٠ ـ ٧١]

اما بعد :

فإن خير الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمدٍ (ﷺ) وشر الامور محدثاها، و كل محدثة بدعة، و كل بدعة ضلالة، و كل ضلالةٍ في النار ، وبعد ...

دوژمنەکانی ئیسلامو مرۆڤایەتی دەمێکی زۆرە لەهەوڵی ئەوەدان پلانێکی تۆکمە دابڕێژن بۆ ئەوەی (کوڕان) و (کچانی) خاوەن بڕوایەکی بەتینو خاوەن ئیمانێکی بەهێز لەدینە جوانەکەیان کە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی هەڵی بگەڕێننەوە ئەویش بەناوی تازەگەری و مافی تاکو مافی مرۆڤ و ئازادییە کەسییەکانو مافی ئافرەتو.....هتد، لەگەڵ ئەوەدا بەدەیان ناوی دیکەیان دۆزیوەتەوە تەنهاو تەنها بۆ سەرلێشێواندنی گەنجانمانەو هیچی تر، چونکە گەر کەمێك بڕوانینە ئەو مێژووە پڕ لەناهەمواریيەی کە ئەو نەتەوانە تووشی هاتوون جگە لەخراپەو بەد ڕەوشتی زیاتر هیچی تر نابینینەوە، بەڵام سەد مخابن کە گەنجانمان بەقسەو شتە پڕو پووچەکانیان هەڵدەخەڵەتێنو شوێنیان دەکەون ، لێرەدا هەوڵ نادەم زۆر بنووسمو زۆریش باسبکەم ، بەڵکو ئەوەی من نیازمە لەم نامیلکەیەدا بیخەمە ڕوو تەنها ئەوەیە کە گەنجانو لاوانمان چ کوڕ بێت یان کچ لەکاری بەد ڕەوشتی دووریان بخەمەوە، یان هیچ نەبێت ئاگاداریان بکەمەوە بۆ ئەوەی منو ئەوانیش لەو کارە ناشیرینو دوور لەبەها ڕەوشتییە ڕزگارمان بێت ، جگە لەوەش لە خەشمو توڕەیی خودا ڕزگارمان بێتو بکەوینە بەر ڕەحمەتە فراوانەکەیو لەگەڵ ئەوەشدا بمانخاتە نێو بەهەشتە پانو بەرینەکەیەوە ، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿ الاخِلاء يومئذٍ بعضهم لِبعضٍ عدو إِلا المتقِين ﴾ (الزخرف: ٦٧).

واتە " دۆستان و خۆشەویستان لەڕۆژی قیامەتدا هەموو دەبنە دوژمنی یەکتری جگە لەوانەی کە لەخودا ترساون " وە پێشەوا (ابن القیم) – ڕەحمەتی خودای لێبێت– دەفەرموێت " ناکرێت لەدڵێکدا دوو شت کۆبکرێتەوە،ئەویش خۆشەویستی خودای گەورەیە لەگەڵ خۆشەویستی ئافرەتێکی نامەحرەم ، چونکە تەواو ئەو دوو شتە پێچەوانەی یەکترین ".بۆیە برا بەڕێزەکانم ، خوشکە بەڕەوشتەکانم ، لەژیاندا مرۆڤ کاتێك بەختەوەر دەبێت کە هەرچی شتێك بکات دوای ماوەیەك شانازی پێوە بکات نەك لەتەمەنی لاوێتیدا هەڵبسێت بەئەنجامدانی چەند کردەوەیەك کە دوور

لەژیریو دوور لەبەها ڕەوشتییەكان بێت ، چونكە دوای ئەوە خەمی بۆ دەخواتو پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت ، بۆیە لەپەندێكدا هاتووە كە دەڵێت " ڕەوشتی جوان وەك ئاڵتون وایە ، بازاڕیشی نەبێت هەر ڕێزو نرخی خۆی هەیە". بائێمەش پێكەوە هەوڵ بدەین ئەو ڕەوشتە جوانە بەكردەوەكانمان ناشیرینی نەكەین ، ئەگینا لەزەرەرمەندەكان دەبین.

وە گەر لەم نامیلكەیەدا هەندێ شتم باسكرد ئەوا إن شاء الله بەگوێرەی توانا هەمووی لەقورئانو سوننەتەوە وەرگیراوە ، وە خۆم پێش هیچ شتێك ناخەم لەبەر ئەوە ئەم نامیلكەیەم گومانی تێدا نی یە كە كەمو كوڕی تێدایە بەڵام گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ڕۆژانە بەهەڵەكانیدا بچێتەوەو هەوڵی ڕاستكردنەوەی بدات ، بەو هیوایەی توانیبێتم شوێنكەوتەی پێغەمبەری خودابم (ﷺ) كاتێك پێمان دەفەرموێت : "بلغوا عني ولو اية" (متفق عليـه). واتە : لەمنەوە بیگەیەنن گەر تەنها ئایەتێكیش بێت"، وە داواكارم لەخودای گەورە لەكەمو كوڕی یەكانم ببورێتو منو ئێوەش بخاتە سەر ڕاستە شەقامی ئیسلامەتیو عیلمی نافعیشمان پێ كەرەم بكات و لەنەزانینو جەهالەتی سەردەمیانەو لاسایی كردنەوەی تاكەكان بەكوێرانە بەدوورمان بگرێت .

نوسینی

هیوا زیرەك /كەلار

٢٠١٠_٩_٧

## مانای خۆشەویستی :

خۆشەویستی لەزمانی عەرەبیدا (الحب)ی پێ دەوترێت ، لەبنچینەدا زۆر مانای لەخۆی گرتووە ، بۆیە ڕای زۆر هەیە لەسەر مانای خۆشەویستی بەڵام لێرەدا من بەکورتی باسی لێوە دەکەم بۆئەوەی پوختەیەك دەربارەی خۆشەویستی بزانین ، ئەوانیش :

١_ هەندێك پێیان وایە لەوەوە وەرگیراوە کە کاتێك بارانێکی زۆر دەبارێت بەرێژەیەك کە ئاو بەرز دەبێتەوە ، بۆیە بەو شتە دەوترێت (الحباب)، ئەمەش لەبەر ئەوە وتراوە چونکە خۆشەویستیش کاتێك لەدڵدا دروست دەبێت ئەوا بەرێژەیەك دەبێت کە دڵ دەست دەکات بەکوڵە کوڵ واتە دڵ دەکوڵێت.

٢_ هەندێکی تر دڵیان بەناوکی شت واتە ناوەڕۆك پێناسە کردووە ، چونکە دڵ ناوەڕۆکی لاشەی مرۆڤەکانە ، وە خۆشەویستیشیان بەناوەڕۆکو ناوکی دڵ دەست نیشانکردووە.

٣_ یاخود هەندێکی تر ئەوە دەڵێن کە خۆشەویستی بریتی یە لەو ڕاپەڕینەی کە لەدڵەوە هەڵدەگیرسێتو دواتر مێشكو دواتر لاشەش داگیر دەکات.

ئەو شیکردنەوانەی کە لەسەر مانای خۆشەویستی دەکرێن دەتوانین بڵێین هەموو لەچوارچێوەیەکدا دەخولێنەوە ئەو چوارچێوەیەش بریتی یە لەوەی کە خۆشەویستی ئەو هەستەیە کە لەناخی تاکدا دروست دەبێت بەڕەچاوکردنی ئایینو کۆمەڵێك دیدو بۆچوونو شێوەو پەیوەندی یەکترناسین و تێکەڵاوی کۆمەڵگا...هتد

## جۆرەکانی خۆشەویستی

لەئاییینی پیرۆزی ئیسلامدا دوو جۆر خۆشەویستی دەست نیشان کراوە :

یەکەمیان : خۆشەویستی یەکی دروستەو مرۆڤ پێی تاوانبار نابێت ، بەڵکو گەر ئەنجامی نەدات ئەوا زیان لەئیمانەکەی دەداتو ئیمانەکەی پێی لاواز دەبێت ، بۆیە بەخۆشەویستی یەکی دروست لەقەڵەم دەدرێت.

دووەمیان : خۆشەویستی یەکی حەرامو قەدەغە لێکراوە کە زیان لەئیمانی مرۆڤ دەدات گەر تێی بکەوێت ،وە کاریگەرییەکی خراپیش دەکاتە سەر جۆری یەکەم ، واتە ئەو جۆرە خۆشەویستییانەی کە دروستە ، پێی لەکەدار دەکرێتو کاریگەری لەسەر زۆر بەهێز دەبێت ، بۆیە لێرەدا دێینە سەر هەردوو جۆرەکە ، ئەوانیش :

**جۆری یەکەم** : **خۆشەویستی دروست** : بریتی یە لەو جۆرە خۆشەویستی یە کە پێویستە لەمرۆڤدا هەبێتو مرۆڤ پێی تاوانبار نابێت وە بەپێچەوانەوە گەر لەهەر کەسێکدا نەبێت ئەوا پێی تاوانبار دەبێتو بەهۆیەوە ئیمانەکەی لاواز دەبێت ، هەر سەبارەت بەخۆشەویستی دروست ئیمامی ئیبنولقەیم ئەلجەوزی (ڕەحمەتی خودای لێبێت)چوار جۆر خۆشەویستی دروستو حەڵاڵی بۆ باسکردوین [١]، ئەوانیش :

١_ خۆشەویستی خودای گەورە : ئەم خۆشەویستی یە واجبە لەسەر هەموو بەندەیەك دەبێت بەپلەی یەکەم خودامان خۆش بوێت بەشێوەیەك کە هیچ کەسو هیچ دروستکراوێکمان وەکو خودای گەورەو هاوشێوەی ئەو خۆش نەوێت.

خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ ﴾[٢]. واتە " ئەو کەسانەی کە غەیری خودایان خۆش دەوێت وەکو خۆشویستنی خودا ،

---

[١] الجواب الكافي ، ص ٢٢٦.

[٢] البقرة :١٦٥.

بەڵام کەسانی ئیماندار خودایان لەهەموو کەس زیاتر خۆش دەوێت ". کەواتە لێرەدا خۆشویستنی خودا یەکێکە لەخاڵەکانی ئیمان لەمرۆڤدا ، بۆیە زۆر کەس دەبینیت کەسێك یان شتێکی خۆش دەوێت بەشێوەیەك کە هاوشێوەی خۆشویستنی خودا یاخود بگرە زیاتر ئەوا ئەو کەسە ئیمانی بەخودا تەواو نیە ، وەکو یەکێك لەشاعیرە موشریکەکانی عەرەب لەشیعرێکیدا بەیارەکەی دەڵێت ( خۆشویستنی تۆ لەیەکتاپەرستی زیاتر بەلامەوە بەنرخە).

بەڕاستی ئەمە کوفرێکی ڕوونو ئاشکرایە، هەروەها خودای گەورە دووبارە بۆئەوەی تەواو لەسەر بەندەکانی دوپاتی بکاتەوەو تاقییان بکاتەوە لەئایەتێکی دیکەدا پێمان دەفەرموێت : ﴿قل إن كان اباؤكم وابناؤكم وإخوانكم وازواجكم وعشيرتكم واموال اقترفتموها وتجارة تخشون كسادها ومساكن ترضونها احب إليكم من اللهِ ورسولهِ وجهادٍ في سبيلهِ﴾[٣] . واتە "ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ باوکەکانتان وە کوڕەکانتان وە براکانتان وە خێزانەکانتان وە عەشیرەتو نەتەوەکانتان وە هەموو ئەوسەروەتو سامانەی بەدەستان هێناوە وە ئەو بازرگانیەی کە دەترسێن لەدەستتان بچێت وە ئەو خانووانەی کە پێی ڕازین لەخوداو پێغەمبەرو جیهادکردن لەپێناوی خودا خۆشتر دەوێت ". واتە نابێت هیچ لەوانەی کەباسکرا لەخوداو پێغەمبەرو جیهادکردن لەپێناوی خودادا زیاتر خۆشمان بوێت چونکە ئیمانمان بەخودا لاواز دەبێت یاخود نامێنێت و گەر بەو شێوە بمرین ئەوا خودا پەنامان بدات دەچینە دۆزەخەوە لەکاتێکدا خودا لێمان نەبورێت.

٢_ خۆشویستنی پێغەمبەری خودا (ﷺ) :[*] بێگومان ئەمیش یەکێکە لەپایە هەرە بەرزەکانی ئیمان ، چونکە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لا يؤمن احدكم حتى اكون احب إليه من والده وولده والناس اجمعين ))[٤] . واتە " هیچ کەسێك لەئێوە ئیمانی نیە تاوەکو منی خۆشتر نەوێت لەباوکیو کوڕەکەیو هەموو خەڵکی ".

کەواتە برا ئازیزەکانم ، خوشکە بەڕێزەکانم ، لەکاتێکدا خەڵکی نوستون ، یاخود لەکاتێکدا خەڵکی ئاگاداری نێوانتان نین کە خەریکی ناردنی میسەجن لەبۆ یەکتری وە دەیانو سەدان میسەج لەناویدا دەنوسن (تۆم لەهەموو کەس خۆشتر دەوێ) یاخود دەنوسن (ژیانم لەپێناوتدا فیدا دەکەم) یاخود ( هەموو دونیا دەکەم بەقوربانت) یاخود یاخود .... زۆرێك لەو وشەو نامانەی کەوا تەنها خۆتان دەتوانن باسی بکەن ، بۆیە لێتان دەپرسم ، ئایا ئەو کەسەی خۆشتان دەوێت لەپێغەمبەری خودا (ﷺ) زیاتر خۆشتان دەوێ ؟! یاخود هاوشانی ئەوی دەکەنەوە لەخۆشەویستیدا ؟! یاخود دینەکەتان لەپێناودا دەدۆڕێنن ؟! خوشکە شیرینەکانم ، برا بەڕێزەکانم گومانم نیە کە هەندێکتان تەنها بەدەم دەڵێن : نەخێر بەو شێوەیەش نیەو ئێمە موسوڵمانین !! ، بەڵام ئایا لەدڵو کرداریشتاندا وەڵامەکەی وایە؟ ئایا دینەکەتان لەبۆ خۆشویستنی بەندەیەك نەدۆڕاندووە ؟ دووەم کەس لەباشترینی ئەم ئوممەتە کە ئیمامی عومەرە (ﷺ) کاتێك بەپێغەمبەری خودای فەرموو (ﷺ) : وەڵاهی ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) تۆم لەهەموو کەسێك لەم جیهانەدا زیاتر خۆش دەوێت تەنها لەنەفسی خۆم نەبێت ، ئایا دەزانن پێغەمبەری خودا (ﷺ) چی پێ فەرموو ؟ سوێن بەخودا پێی فەرموو وەڵاهی ئەی عومەر ئیمانت تەواو نیە تاوەکو منت لەنەفسی خۆت خۆشتر نەوێت ، بۆیە ئەویش بەپێغەمبەری فەرموو (ﷺ) : سوێند بەپەروەردگار ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆم لەنەفسی

---

[٣] سورة التوبة : ٢٤.

[*] تێبینی : لێرەدا ئیمامی ئیبنولقەیم ئەلجەوزی (ڕەحمەتی خودای لێبێت) لەخاڵی دووەمدا تەنها نوسیویەتی (ئەو کردارانەی کەوا خودا خۆشیانی دەوێت) بۆیە لەبەر تایبەتکردنەوەی خاڵەکەو دەقی فەرمودەکان کەوا خستومەتە ڕوو ئەو ناونیشانەی سەرەوەم بۆی داناو ناونیشانەکەی ئەوم گۆڕی.

[٤] متفق عليه.

www.ba8.org

خۆم خۆشتر دەوێت ، پێغەمبەر خوداش (ﷺ) پێی فەرموو : ئێستا ئیمانەکەت تەواوە ئەی عومەر ، بۆیە ئەی لاوەکانی هاودینو هاونیشتمانم ئەی ئەو کەسانەی کەوا دوای چەند ساڵێکی دی هەریەکەو بەپێی بەهرەو تواناو پسپۆری خۆی لەشتێکدا خزمەت بەدینو نیشتمانەکەی دەکات لەم ولآتەدا ، باوریابین و بەئاگا بێینەوە شەیتان بەفێڵەکانی لەخشتەمان نەباتو سەرمان لێ نەشێوێنێت بەوەی توشی تاوانی عیشقمان بکات تاکو وەهامان لێدەکات توشی زیناو بەدڕەوشتیش دەبین ، خودای مەزن منو ئێوەش لەو تاوانە بپارێزێت (إنه ولي ذلك والقادر عليه).

٣_ خۆشویستنی خەڵکی لەبەر خودای تاکو تەنها : ئەم خاڵەش وەکو ئەوانەی پێشووتر دیسانەوە بەندە بەئیمانەوە ، چونکە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی : ((من احب لله وابغض لله واعطى لله ومنع لله فقد استكمل الإيمان))[5]. واتە "هەرکەسێك لەبەر خودا خەڵکی خۆش بوێتو لەبەر خوداش حەزی لەخەڵکی نەبێت ، وە لەبەر خودا ببەخشێتو لەبەر خوداش دەست هەڵبگرێت لەبەخشین ، ئەوا ئیمانەکەی تەواوو کاملە ".

ئازیزەکانم ، هاودینەکانم واتا دەبێت ئێمە کەسانی چاکمان خۆش بوێت وە تەنها ئەو خۆشویستنە لەبەر خودا بێت ، نەك لەبەر پارەو پول یاخود پلەو پایە یاخود بۆ کارێکی دونیایی ...هتد ، وە کاتێکیش ڕقمان لەخەڵکی هەڵدەستێت با تەنها لەبەر پەروەردگار بێت ، نەك لەبەر مەبەستێکی شەخسیو کاروباری دونیایی ، بۆنمونە خەڵکی وەها هەیە حەزی لەخوداو پێغەمبەرو ئیسلام نیە ، نابێت تۆ خۆشت بوێتو بەپیاوچاکی دابنێیتو دۆستایەتیو ڕەفیقایەتی بکەیتو خۆشت بوێت ، دەبێت تۆ ڕقت لێی بێتو خۆشت نەوێت تەنها لەبەر خودا نەك شتی دیکە ، هەروەها پێغەمبەر خودا (ﷺ) لەباسی ئەو حەوت جۆرە تاقمەی کەوا لەڕۆژی قیامەتدا دەچنە سێبەری عەرشی پەروەردگارەوە لەکاتێکدا هیچ سێبەرێك نیە جگە لەو سێبەرە نەبێت ، دەربارەی کۆمەڵێك لەوانە فەرموویەتی : (( دوو کەسن کە لەبەر ڕەزامەندی خودا یەکترییان خۆش دەوێتو هەر لەبەر ڕەزامەندی خوداش دوور دەکەونەوە لەیەکتریو واز لەیەکتری دەهێنن )).

٤_ خۆشویستنی هاوسەرو خێزان : بێگومان ئەم جۆرە خۆشەویستی یە پێی دەوترێت (خۆشەویستی سروشتی) ، چونکە مرۆڤ زۆربەی ساتەکانی ژیانی لەگەڵ هاوسەرو منداڵو دایكو باوكو خوشكو براکانیدا دەژی بۆیە بەحوکمی ئەو لێك نزیکیە وا لەو کەسە دەکات کە خۆشەویستییەکی بەرفراوانی هەبێت لەبۆ ئەوان ، وە ئەم جۆرە خۆشەویستیەش ڕێگە پێدراوو دروستە وە لەگەڵ ئەوەشدا گەر مرۆڤ ئەو کەسانەی خۆش نەوێت کە باسمانکرد ئەوا تاوانبار دەبێتو کارێکی ناپەسەندی ئەنجامداوە ، بۆیە عەمری کوڕی عاص (رضي الله عنه) پرسیاری لەپێغەمبەری خوداکرد (ﷺ)و پێی فەرموو : (یا رسول الله اي الناس احب إليك) واتە " کێ لەلای تۆ زۆر خۆشەویستە ؟ پێغەمبەری خوداش (ﷺ) پێی فەرموو : (عائشە) ئەویش فەرمووی : (من الرجال) واتە "ئەی لەپیاوان ؟" پێغەمبەری خوداش (ﷺ) پێی فەرموو : (ابوها) واتە "باوکی" کە باشترین هاوەڵی پێغەمبەری خودا بوو (ﷺ) کە ئەبو بەکری صدیقە (رضي الله عنه)[6] .

برایانی خۆم خوشکە ئازیزەکانم هەموو ئەو خاڵانەی پێشوو کە باسمانکرد واجبە لەهەموماندا هەبێت ، بە نەبوونیشی پێی تاوانبار دەبینو زیان دەگەیەنێت بەئیمانمان ، بۆیە لێرەدا پێش ئەوەی باسی جۆری دووەم بکەین کە خۆشەویستی یەکی نادروستەو لەئیسلامدا حەرامە پێویستە تیشك بخەینە سەر خاڵێك ئەویش لەڕووی شێوازو جۆرەوە هاوتایە لەگەڵ جۆری دووەمدا بەڵام ئەم خاڵە دروستە بەکۆڕای زانایانو بگرە چەند فەرمودەیەکی

(5) صحيح الجامع ، رقم (٥٩٦٥).
[6] صحيح الجامع ، رقم (١٧٧).

دروستیشمان لەبەردەستدایە لەبۆ سەلماندنی وتەکانمان ، ئەویش (خۆشەویستی نێوان کوڕانو کچان)ە، بۆ ئەوەی پەلە بکەین لەبابەتەکەدا پێویستە ئێوەی ئازیز بزانن و تێبگەن کە مەبەستمان چ خۆشەویستییەکە ، سەرەتا باسی فەرموودەیەك دەکەین کە ئیبنو عەباس بۆمانی دەگێڕێتەوە ئەمیش دەقی فەرموودەکەیە ((وعن ابن عباس قال كان زوج بريرة عبدا اسود يقال له مغيث كاني انظر إليه يطوف خلفها في سكك المدينة يبكي ودموعه تسيل على لحيته فقال النبي صلى الله عليه وسلم للعباس يا عباس الا تعجب من حب مغيث بريرة ؟ ومن بغض بريرة مغيثا ؟ فقال النبي صلى الله عليه وسلم لو راجعته فقالت يا رسول الله تامرني ؟ قال إنما اشفع قالت لا حاجة لي فيه ))[٧] .

واتە " (بەریرە) پیاوەکەی ناوی (مغیث)بوو کەبەندەیەکی ڕەش پێست بوو، ئەو پیاوە لەڕێگاکانی مەدینە بەدوای (بەریرە)دا دەڕۆیشتو دەگریا بەشێوەیەك کەفرمێسکەکانی ڕیشی تەڕکردبوو لەبەر ئەوەی زۆر ئەو ئافرەتەی خۆش دەویست بەڵام لەیەکتر جیابووبوونەوە ، پێغەمبەری خوداش (ﷺ) بە عەباسی فەرموو : ئایا سەرت سوڕ نامێنێ لەو خۆشەویستییەی کەوا (مغیث) بۆ (بەرەیرە)ی هەیە؟ بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆلای (بەرەیرە)و داوای لێکرد دووبارە بگەڕێتەوە بۆلای ، ئەویش پێی فەرموو : ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمانم پێ دەکەی ؟ پێغەمبەری خوداش (ﷺ) پێی فەرموو : نەخێر بەڵکو تکات لێدەکەم ، ئەویش پێی فەرموو : من هیچ پێویستم بەو نیە ، واتا خۆشم ناوێ ".

هەروەها پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەفەرموودەیەکدا فەرموویەتی : (( لم ير للمتحابين مثل النكاح))[٨] . واتە " نەمبینیوە بۆ خۆشەویستان وەکو مارەکرن" واتە باشترین چارەسەر بۆ خۆشەویستی ئەوەتا تۆ مارەی بکەیت ، کەواتە ئێستا گەیشتینە سەر ئەسڵی باسەکەمان کە باس لەجۆری خۆشەویستی دەکەین لەنێوان کوڕانو کچاندا کە خۆشەویستییەکی دروستە بەو پێیەی کە گەر کوڕێك ئاکارو ڕەوشتو دینی کچێکی بەدڵ بێت بێ ئەوەی پەیوەندی خۆشەویستی ببەستێت لەگەڵیدا وە بێ ئەوەی نەزەرو تەماشای نادروستو حەرامی بکات ، وە بێ ئەوەی تلیفۆنو چاوپێکەوتنو دانیشتنی نادروستی لەگەڵدا بکات وە بێ ئەوەی مەبەستی ڕابواردنو گاڵتە پێکردنو ئابڕوو بردنی بێت هەموو ئەمانە دەبێت ڕەچاوبکات ، وە دواتر دەبێت بچێتە خوازبێنی ئەو کچە گەر کچەکەو خانەوادەکەی پێی ڕازی بوون ئەوا مارەی دەکات ، وە بەپێچەوانەوە گەر کچەکەو خانەوادەکەی پێی ڕازی نەبوون ئەوا دەبێت دەست هەڵبگرێت لەو خۆشەویستییەو وازی لێبهێنێت ، واتە نابێت لەدڵیدا بەشێوەیەك جێگیری بکات کە دەرچوونی مەحاڵ بێت چونکە ئەو کاتە دەچێتە جۆری دووەمەوە کە دەبێتە گوناھ و بەتاوان بۆی دەژمێردرێت ، بۆیە بەو شێوەیەی کە باسمکرد سەبارەت بەوەی کە خۆشەویستی لەنێوان کوڕانو کچاندا دروستە وە جگە لەو مەرجانەی کەباسکران ئەوا دەبێتە نادروست ، والله أعلم.

بۆیە برا خۆشەویستەکانم ، خوشکە ئیماندارەکانم لەم سەردەمەدا کۆمەڵێکی زۆر لێرەو لەوێ هەڵدەستن هەندێ شت بڵاو دەکەنەوە سەبارەت بەعیشقو سەبارەت بەخۆشەویستی بۆ سەلماندنی قسەکانیان کۆمەڵێك شیعری شاعیران یاخود نوسینو وتەی کۆمەڵێك کەس کە ئەسڵەن لەڕووی بیروباوەڕەوە ڕوخاون جگە لەوەش لەو ڕووەشەوە هەڵدەستن بەبڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك شوبهەو شتی نابەجێ بۆ حەڵاڵکردنی ئەو شتە خراپانە ، خودا پەنامان بدات ، بۆیە با بەقسەی هیچ کەسێك هەڵنەخەڵەتێینو باوەڕ بەقسەی هیچ کەسێك نەکەین تاکو فەرموودەی

(٧) رواه البخاري ، وجاء في الصحيح الجامع برقم (٧٩٣٦) ،وصحيح ابو داود ، وصحيح سنن ابن ماجة برقم (٢٠٧٥) ، وصحيح سنن النسائي برقم (٥٤١٧).

(٨) السلسلة الصحيحة ، رقم (٦٢٤) ، وصحيح سنن ابن ماجة برقم (١٨٤٧).

www.ba8.org

خوداو پێغەمبەرەکەی محمد(ﷺ) وەستاوە ، چونکە تەنها ئەو دوو شتە دەبێتە مایەی ئەوەی کە لەڕێ لانەدەین گەر بەچاکی دەستی پێوە بگرین ، بەپشتیوانی خودا لەپاری دووەمی باسی (عیشق) دا بەکورتی وەلامی ئەو ڕەشنوسکارە دەدەینەوە بۆئەوەی چیدی کوڕانو کچانی ئیماندار بەشتە نابەجێیەکان نەکەونە داوی تاوانە گەورەکانەوە کە هەموو تاوانێکی بچووک بەردەوامبوون لەسەری سەرت لەتاوانە گەورەکانەوە دەردەکات ، بەو هیوایەی بتوانین شتە ڕاستەکانی ئیسلامو دیوە جوانو پاکەکانی ئەم ئایینە لەبۆ خەڵکی ڕوون بکەینەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژیی باسی مانای عیشقو حوکمی عیشقو چەندین شتی دیکە دەکەین بۆئەوەی بۆ ئەو نوسەرەو خوێنەری بەڕێزیش ڕوون بێتەوە حوکمی عیشقو خۆشەویستی چیە؟.

**جۆری دووەم : خۆشەویستی نادروست** : بریتی یە لەو جۆرە پەیوەندی یەی کە کوڕێك لەگەڵ کچێکی نامەحرەمدا دەیبەستێت تادەگاتە ئەوەی کەتێکەلاوی و پەیوەندی نهێنی و کورتە نامەو یەکتر بینین و نەزەرکردن و چەندین تاوانی دیکە ، بەم جۆرە خۆشەویستی یەش دەوترێت (عیشق) ، کەواتە لێرەدا ئەو یاسایەمان بۆ دەرکەوت کە (هەموو خۆشەویستی یەك عیشق نیە ، بەلام هەموو عیشقێك خۆشەویستی یە) واتە عیشق بەشێکە لەخۆشەویستی ، ئەو بەشەیە کە بەهیچ شێوەیەك دروست نیە ، وە ئەوەش دوپات دەکەمەوە نە لەقورئانی پیرۆزو نە لەفەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەردا عیشق نەهاتووە ، تەنها یەك فەرموودەی هەڵبەستراو نەبێت کە بەم شێوەیە بۆی هەڵبەستراوە ((من عشق وكتم وعف فمات فهو شهيد))[٩] . واتە "هەرکەسێك عیشقێك بکات بەپەنهانی و بەپاکێتی و بەو شێوە بمرێت ئەوا بەشەهید دەژمێردرێت". وە جگە لەم دەقە چەندین دەقی دیکەش هاتووە بۆیە هەرهەموویان پلەی (موضوع) یان هەیە دیسانەوە لەوەلامی نوسەری ڕەشنوسی (عیشق لەنێوان عەقڵو ئاییندا) بەدرێژیی باسی لێوە دەکەین .

بۆیە لێرەدا ئەوەی کە مەبەستمان بوو بەکورتی خستمانە ڕوو وەکو باسمانکرد لەسەرەتاوە خۆشەویستی دوو جۆرەوە جۆری یەکەمیان دروستەو جۆری دووەمیان ئەم خاڵەیە کە دروست نیە ، وە ئەم جۆرەیان پێی دەوترێت (عیشق) کەواتە بەکورتی خۆشەویستی دروستو نادروست هەیە ، بەلام عیشق تەنها یەك حوکمی هەیە ئەویش نادروستە ، بۆیە تەنها ئەوەندە لەخۆشەویستی دووەم دەدوێن بەو ئامانجەی کە زوو بچینە بابەتەکانی تر تاکو دوای تەواوبوونی هەمووی بگەینە سەر باسی (عیشق) بەشێوەیەکی گشتی ، خودای گەورە منو ئێوەش بپارێزێت لێی و دوورمان بخاتەوە لەهەموو شتێك کە پێی ڕازی نیە.

---

[٩] حديث موضوع ،السلسلة الضعيفة للشيخ لعلامة الالباني ، برقم (٥٨٧).

www.ba8.org

## خۆشەویستی (عیشق) لەنێوان کوڕان و کچان [*]

گەر وردبینەوە لەئاینی پیرۆزی ئیسلام دەبینین هەموو شتێکی بۆ ڕوون کردووینەتەوە تەنانەت بەزیادەشەوە لێرەدا پێویستە لەسەرمان شوێنکەوتووی ئەو دینە بین گەر خۆمان بە موسوڵمان لەقەڵەم دەدەین، بۆیە لێرەوە ڕوو دەکەمە ئەو برایانەی کەوا هەموو ژیانیان پڕە لە خەم و ماتەم و ئێش و ئازاری لەبن نەهاتووی خۆشەویستی کە کچ لایان بووەتە هەموو ژیانیان کە بەڕاستی ڕۆژانیان سەرقاڵبوونە بەشوێنکەوتنی کچان لەخوێندنگاو زانکۆو پەیمانگاکان هەروەها شەوانیش بە ناردنی نامەی پڕ لە عیشق و سۆزو پەیوەندییە حەرامەکان کە بەڕاستی سەری لێ شێواندوون ، هەروەها بەو خوشکانەش دەڵێم کەوا لەناو خۆشەویستیدا غەرق بوونەو خۆیان بەو کارەوە سەرقاڵ کردووەو تادواتر وایان لێ دێت پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و دواتر سەری خێزانەکەشیان شۆڕ دەکەن ئەمەیە عیشق؟! بائێمە ئەوە بزانین کە خۆشەویستیو عیشق لەسەر چی بنەمایەك بنیات دەنێین چونکە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿ الاخِلاء يومئذٍ بعضهم لِبعضٍ عدو إلا المتقين ﴾[١٠].

واتە " دۆستان و خۆشەویستان لەڕۆژی قیامەتدا هەموو دەبنە دوژمنی یەکتری جگە لەوانەی کە لەخودا ترساون ".

ئایا ئێمە ئەو خۆشەویستییە دەکەین ئایا لەبەر ڕەزامەندبوونی خودایە ؟ یاخود ئایا پێغەمبەر (ﷺ) ئەو کارەی ئەنجامداوە؟ یان هاوەڵان و شوێنکەوتوان بەو کارە هەڵساون؟ بێگومان هەرهەمووی نەخێرە چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن بەکاریك ئەمر دەکات کە ئابڕوی ئیمانداری تیادا بچێت. بۆیە گەر کەسێك ڕێگای خۆشەویستیو عیشق بگرێتە بەر ئەوا ڕێگای زیناکردنی گرتووەو بەخۆی نازانێت بەڕاستی لەم سەردەمەدا هەر کوڕو کچێك دەبینیت بەئارەزووی خۆیان چاویان بەرەڵا کردووە لەتەماشاکردنی یەکتریدا ، سەرەڕای ئەوەش پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت : (العين تزني وزناها النظر)[١١] .

واتە "چاو زینا دەکات زیناکەشی تێڕوانینی حەرامە".

وە یەکێك لەشاعیرە عەرەبەکان لەدێڕە شیعرێکدا جوان باسی دەکات و دەڵێت"

**نظرة فابتسامة فسلام فكلام فموعد فلقاء**

واتە" تەماشاکردنێك و بزەیەکی سەر لێوان و سڵاوکردنێك گفتوگۆیەك و پەیمان بەستنێك و یەکتربینینێك" .

واتە کە چاو تەماشایەکی کرد ئیتر بەوەوە ناوەستێت تاکو تووشی زینات ئەکات و لەگەڵیدا کاری بەدڕەوشتی ئەنجام دەدەیت خوا پەنامان بدات یەکێك لەبانگخوازەکان دەگێڕێتەوەو دەڵێت"ڕۆژێك لەنوێژ بوومەوەو چوومە دەرەوە بینیم گەنجێك لەتەنیشت ئۆتۆمبیلەکەی ڕاوەستاوەو چاوەڕێم دەکات منیش نزیك بوومەوە پێی فەرمووم ئەی (شێخ) دەمەوێت تۆبە بکەم ، منیش وام زانی پیاوی کوشتووە یاخود تاوانە گەورەکانی ئەنجامداوە بەڵام پێی وتم کە هەموو ژیانی لاوێتی لە سەرقاڵ بوون بە کچان و عیشق بازی تەواو کردووە بۆیە دەیەوێت لەو کارە تەوبە

---

[*] لەژمارە (٧)ی وەرزی خوێندنی (٢٠٠٩_٢٠١٠)ی بلاوکراوەی زانست بلاوکراوەتەوە ، کەبلاوکراوەیەکی ئاینیو زانستیو ڕۆشنبیری یە ، لەلایەن دەستەیەك لەمامۆستاو خوێندکارەوە هەموو سەرمانگێکی وەرزی خوێندن دەردەچێت.

[١٠] الزخرف : ٦٧.

[١١] البخاري و مسلم.

www.ba8.org

بکات و ئیتر نەگەڕێتەوە سەری جارێکیتر. بۆیە بەڕاستی کەوتنە ناو داوی خۆشەویستی وات لێ دەکات لەدین دوورت بخاتەوە دواتر زینات پێبکات.

وە ابن القيم الجوزي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت : " کاتێك خوای گەورە ئەمر دەکات چاومان دابخەین لەئاستی نامەحرەمدا ئەوە ئەمر کردنە بە پاراستنی دامێنمان بەڵام کاتێك چاومان بەرەڵا دەکەین بەویستی خۆی چی بوێت ببینێت ئەوا لەگەڵیدا دامێنیشمان ناپارێزرێت بۆمان و ئەویش بەرەڵا دەبێت ". سوێند بەخوا کەسێك گەر لەئاستی نامەحرەمدا چاوی دابخات مەحاڵە تووشی تاوان ببێت وەجگە لەوەش هەست بەعیززەتی نەفس و ئیمان دەکات لەدڵ و دەروونیدا لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە بۆچی هیچ کوڕێك کچێکی خۆش ناوێت کە چاوێکی کوێر بێت یاخود قاچێکی شەل بێت یاخود هەر کەم و کوڕیەکی لاشەیی پێیەوە دیاربێت؟! وە هیچ کچێکیش نابینیت دوای کوڕێك کەوتبێت فەقیرو دەست کورت و شەلال و کوێر بێت و ئەمیش دڵداری و عیشق بازی لەگەڵدا بکات ؟! وە دەبێت چاك بزانین کەپێشینی ئەم ئوممەتە زۆربەی کات تێڕوانینی چاویان لەنێوان هەردوو پێیان دا بووەو لەوەش زیاتریان نەبینیوە ئایا ئەوان دڵیان نەبووە؟ یاخود ئارەزووی جنسییان نەبووە؟ یاخود ئەوان تامو چێژی دونیایان لا هیچ نەبووە؟ بەڵێ هەموو ئەمانەیان هەبووە بەڵام لەڕۆژی گەڕانەوەیان ترساون کە کاتێك لەبەرامبەر خودای تاك و تەنها دەوەستن نموونەش وەکو (حسان بن أبي سنان) ڕۆژی جەژن دەبێت دەچێتە دەرەوە کاتێك دەگەڕێتەوە ماڵەوە هاوسەرەکەی پێی دەڵێت : چەند ئافرەتی جوانت ئەمڕۆ بینی؟ ئەویش پێی دەڵێت : خوا پەنامان بدات .

هاوسەرەکەی پێی دەڵێت : ئەی چەند ئافرەتت بینی کەخۆیان ڕازاندبووەوە؟ ئەویش بەتووڕەییەوە پێی دەڵێت: بێ دەنگ بە سوێند بەخوا چاوم جگە لەبینینی نێوان هەردوو پێم هیچ شوێنێکی کەی نەبینیوە لەو ساتەوەی چوومە دەرەوە تاکو کاتی گەڕانەوەشم .

بۆیە دەبێت ئێمە لەزانکۆو پەیمانگاکاندا ئەوەندە چاومان بەرەڵا نەکەین کە بە ویستی خۆی لەکچانی ڕووت و نامەحرەم بڕوانێت دواتریش لەدڵدا جێگیر ببێت تاوای لێ دێت وێڵ دەبین بەدوای کچاندا هەروەها خوشکان چاوی ئێوەش سەرچاوەی زیناکردنە مەهێڵن لەژێر کۆنترۆڵتاندا دەربچێت و بەئارەزووی خۆی کوڕان گومڕاو سەرلێشێواو بکات بەدواتانداو خۆتانیش پێیەوە ماڵ وێران بن.

## ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆکاری عاشقبوونی کوڕان وکچان [*]

لێرەدا باسی ئەو هۆکارانە دەکەین کە وا لەکوڕان و کچان دەکات بەدوای عیشق بازیدا بگەڕێن و واز لەدینە پاکەکەی ئیسلام بهێنن.ئەوانیش چەند بەشێکن یەکەمیان تێکەڵاوی کوڕان و کچانە لەزانکۆو پەیمانگاو خوێندنگاکان بەڕاستی هۆکاری سەرەکی ئەو تێکەڵاو بوونەیە چونکە کەم کەس هەیە بتوانێت بەئاسانی لەم سەردەمە پڕ لە ئارەزووە بازییە خۆی قورتار بکات و لەدەستی هەڵبێت چونکە ناتوانێت بە چاکی چاوی خۆی لەئاستی نامەحرەمدا دابخات وەکو خوای گەورە فەرمانی پێکردووین و دەفەرموێت : ﴿قل لِلمؤمِنِين يغضوا مِن ابصارِهِم ويحفظوا فروجهم﴾[12] .

واتە"ئەی محمد(ﷺ)بڵێ بەپیاوانی ئیماندار کەوا چاویان دابخەنو دامێنیشیان بپارێزن" وە لەئایەتێکی دیکەدا بەئافرەتان دەفەرموێت : ﴿وقل لِلمؤمِناتِ يغضضن مِن ابصارِهِن ويحفظن فروجهن﴾[13] .

واتە " ئەی محمد (ﷺ)وە بڵێ بەئافرەتانی ئیماندار کەوا چاویان دابخەنو دامێنیشیان بپارێزن " .

بەڕاستی ئەم فەرمانەی خوای گەورە دەبێت لەنێوانماندا جێبەجێی بکەین بۆیە ئەگەر لاماندا لەم دینە ئەوا بێگومان دەکەوینە داوی خۆشەویستییەوەو دواتر تووشی تاوانە گەورەکان دەبین وەکو (**ابن القيم الجوزی**) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت : "ئەگەر کەسێك یەکەم جار سەیری کەسێکی نامەحرەمی کردو ئاسانکاری کرد بۆ جاری دووەم و زیادی کرد ئەوا تیری ژەهراوی بەری دڵی دەکەوێت تا دواتر شەیتان لەدڵیدا وەسوەسەو دوودڵی دەخاتە دڵیەوە تاوانەکەی لا جوان دەکاتەوە تالەدواییدا پێی دەڵێت زینابکەو دواتر تۆبەی لەسەر بکە کێشە نیە ".

(**محمدی کوڕی واسع**) یەکێکە لەپێشینی ئەم ئوممەتە ڕۆژێکیان سەردانی یەکێك لەهاوەڵانی دەکات کاتێك لەدەرگا دەدات ئافرەتێکی خزمەتکار دەرگاکە دەکاتەوە ئەمیش چاوی خۆی دادەخات و بەئافرەتەکە دەڵێت بانگی گەورەکەت بکە ئەویش دەچێت بانگی گەورەکەی دەکات و پێی دەڵێت هاوڕێ (کوێر)ەکەت لەدەرگایەو کاری پێتە ئەو ئافرەتە وادەزانێ ئەو پیاوە چاوی کوێرە ، بەڵام لەڕاستیدا لەئاستی نامەحرەم خۆی کوێرکردووە ئەگینا چاوی ساغ بووە.

یەکێکی دیکە لەهۆکارەکان تەماشاکردنی فلیم و درامای خۆشەویستییە بەڕاستی خوشك و برا لاوەکان زۆربەی کاتی شەوانە تەرخان دەکەن بۆ تەماشاکردنی فلیم و درامای عیشق و غەرامیات وە بێ ئەوەی بڕواننە تاوانەکەی و بزانن چی هۆکارێکی خراپ لەسەر دڵ و دەروون و لەسەر ڕەوشتمان دروست دەکات ئەم کارەش زیاتر خوشکان دەگرێتەوە بەڕاستی هەرچی فیلمێك بێت کە تێکەڵاوی تێدا هەبوو ئەوا تەماشاکردنی حەرامەو توشی بەدڕەوشتیت دەکات و کارە حەرامەکان لەلات ئاسان و جوان دەکاتەوە بۆیە دوورکەوتنەوە لەتەماشاکردنی ئەو جۆرە فیلم وزنجیرانە دەبێتە هۆی ئارام بەخشین بەدڵەکان و لەتاوانی عیشق و خۆشەویستیش دوورت دەخاتەوە.یەکێکی تر لەهۆکارەکان تێکەڵ بوونی کەسانێکە کە دوورن لە دینەوە یاخود دین سەرچاوەی یەکەمی ژیانیان نیە بۆیە زۆربەی کاتەکانیان هەر باسی عیشقەو هیچی تر جا گەر کوڕ بێت هەر باسی کچ دەکات و کچیش

---

[*] لەژمارە (٨)ی بلاوکراوەی زانست بلاوکراوەتەوە.

[12] النور ٣٠.

[13] النور ، ٣١.

بێت خۆی بەباسکردنی کوڕانەوە خەریك دەکات بەڕاستی ئەو دانیشتن و تێکەڵاوی ئەو باسانەی کەباس دەکرێن هەمووی لەئاکاری ئیسلامیەوە دوورەو وە گومانی تێدا نیە کە ئەو کۆمەڵە کەسانە هیچ خێرێکیان دەست ناکەوێت جگە لەتاوان بەد بەختی زیاتر.تەنانەت یەکێك لەو شاعیرە عەرەبانەی کەوا دین لەلای هیچ نرخێکی نەبووە لەباسی خۆشەویستەکەیدا کەئافرەتێکی ڕەش پێست بووە دەڵێت:

أحب الكلاب السود من أجل حبها      ومن أجلها أحببت ماكان أسودا

واتە (سەگی ڕەشم خۆش دەوێت لەبەر خاتری خۆشەویستی خۆشەویستەکەم..هەر لەبەر خاتری ئەو هەموو ئەو شتانەشم خۆش دەوێت کەشێوەیان ڕەشە) .

بەڕاستی زۆر کەس لای ئێمەش ئەم ئاکارەیان هەیەو تەنانەت ئامادەشن دینی خۆیان بدۆڕێنن لەپێناو بەدەست هێنانی دڵی کچێکدا یاخود بەپێچەوانەشەوە.

یەکێکی دیکە لەهۆکارەکان بەکارهێنانی ئامێرە تازە داهێنراوەکانە (لە مۆبایل و تلیفۆن وئینتەرنێت)بەنەزانین چونکە هەندێك کەس زۆر بەچاکی و بەجوانی بەکاری دەهێنێت لەشوێنی چاکدا بۆیە بەڕاستی ئەو ئامێرانە لای زۆر کەس بەخراپە بەکاردەهێنرێت.

دەگێڕنەوە " ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت لەڕێگای مۆبایلەوە کچ و کوڕێك پێکەوە قسە دەکەن لەدواییدا کوڕەکە دەنگی کچەکەی بەلاوە زۆر خۆش دەبێت و پێی سەسام دەبێت بۆیە پەیمانی لێ وەردەگرێت بۆئەوەی بیبینێت کاتێك دادەنێن و لەجێگایەکدا یەکتری دەبینن کاتێك کوڕەکە دەبینێت کچەکە زۆر ناشیرینە بۆیە زۆر پێی بێتاقەت و غەمبار دەبێت دەڵێت چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد ئەوەندە ناشیرین بیت کچەکەش دەڵێت:کەی ئەوە کێشەیە گرنگ "ئەخلاق"ە .بەڕاستی خوشکێ تۆ ئەخلاقتیش نیە نەك جوانی .

بۆیە تاکو زیاتر خۆمان بپارێزین هێشتا هەر کەمە چونکە لەم سەردەمەدا هەموو شت دژی ئێمەی ئیمانداراەو هەموو لە سەنگەردا بۆمان وەستاوە.یەکێکی تر لەهۆکارەکان ئەوەیە کە کتێب و ناملیکە شیعرییەکان کە ڕەواج بەخۆشەویستی دەدەن بەڕاستی ئەمڕۆ زۆر نرخی هەیە لای کچان و کوڕانی بەناو موسوڵمان دەبینیت لەخوێندنگاو زانکۆکاندا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمان و شیعری غەرامیاتی و چیرۆك و کورتە چیرۆکەکان کەوا لە گەنجانی ئێمە دەکەن ڕێگە چاکەکەی ئەم دینە ون بکەن بۆیە ئامۆژگاری من بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك ئەو کتێب و ناملیکانە مەخوێننەوە ، ئەگەر حەز بەخوێندنەوە دەکەن ئەوا پێویستە لەسەرتان پێشتر لەدینەکەی خۆتان شارەزابن نەك خەریکی شتی لابەلاو نابەجێ و لەڕێ لادەر بن چونکە بەڕاستی هەم کاتەکانتان بەفیڕۆ دەڕوات وە هەم دینەکەتان لا بێبایەخ دەبێت وەهەم جگە لەتاوان کۆکردنەوە زیاتر هیچ خێرێکتان دەست ناکەوێت خوا پەنامان بدات.

بۆیە هۆکار زۆرە بەڵام (مشتێك نمونەی خەروارێکە)ئەم چەند خاڵە بەویستی خوا دەبێتە ڕێ نیشاندەر بۆمن و دواتر بۆئێوەش بۆ ئەوەی زیاتر دەست بەدینەکەوە بگرین تاکو لەڕێ لانەدەین.

## ئەو هۆکارانەی کەگەنجان دوور دەخاتەوە لەتاوانی عیشق و خۆشەویستی (*)

لەپێشدا باسی حوکمی عیشق و دواتر باسی ئەو هۆکارانەمان کرد کەوات لێ دەکات تووشی ئەو تاوانە بێت لەم بابەتەدا بەپشتیوانی خوا باسی ئەو خاڵانە دەکەین کە دوورت دەخەنەوە لەو تاوانە

(*) لەژمارە (٩)ی بلاْوکراوەی زانست بلاْوکراوەتەوە.

www.ba8.org

١_ خاڵی سەرەكی داخستنی چاوە لە ئاستی نامەحرەمدا جا چ كوڕ بێت یان كچ بێت وەكو خوای گەورە فەرمانی پێكردووین و دەفەرموێت:﴿قل لِلمؤمِنين يغضوا مِن ابصارِهِم ويحفظوا فروجهم﴾[١٤]

واتە"ئەی پێغەمبەر (ﷺ)بڵێ بەپیاوانی ئیماندار كەوا چاویان دابخەنو دامێنیشیان بپارێزن " .

وە لەئایەتێكی دیكەدا بەئافرەتان دەفەرموێت : ﴿ وقل لِلمؤمِناتِ يغضضن مِن ابصارِهن ويحفظن فروجهن﴾[١٥] .

واتە " ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ بەئافرەتانی ئیماندار كەوا چاویان دابخەنو دامێنیان بپارێزن " .

بەڕاستی یەكەم هۆكار بۆئەوەی دوورت بخاتەوە داخستنی چاوە چونكە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت : (العين تزني وزناها النظر)[١٦] .

واتە "چاو زینا دەكات زیناكەشی نەزەرو تێڕوانینی نامەحرەمە".

بۆیە كاتێك كەسێكی نامەحرەمت بینی دەستبەجێ چاوت دابگرە بۆئەوەی لەدڵتدا شێوەكەی جێگیر نەبێت و دواتر نەیەتەوە یادت.

٢_ خۆ نزیك خستنەوە لەخواو تێكەڵ بوونی كەسانێك كەخوات بەبیر دەهێننەوە وە دەبێت زیاتر لەناو ئەو كۆمەڵ و كەسانەدا دابنیشی كەوا زیاتر باسی فەزڵ و نیعمەتەكانی خوات بۆ دەكەن و زیاتر باسی خۆش ویستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ت بۆدەكەن یان باسی زیكرو فەرموودە سەحیحەكان دەكەن وە ەبێت وریای هەر پێنج فەرزە نوێژەكان و زیكرەكانی پاش نوێژو زیكری بەیانی و ئێوارەو زیكرەكانی تر بیت چونكە وات لێ دەكەن تاانت لا قێزەون دەكەن و ئیمانت لا شیرین دەكەن وە ئەو جۆرە كەسانە دەبێت دەستیان پێوە بگریت بۆئەوەی لەدەستت دەرنەچن ئەگینا دواتر هاوڕێیەتی كەسانێك دەكەی كە هەر خەریكی عیشق و غەرامن .

وە پێغەمبەری خوداش (ﷺ) دەفەموێت (لا تصاحب إلا مؤمنا....)[١٧] واتە "تەنها هاوڕێیەتی ئیماندار بكە".

لێرەدا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بكەیت كە دەبێت كەسانێك بەهاوڕێی خۆت هەڵبژێریت بەڕاستی دڵنیا بیت لەدینەكەی ئەو وە تەنانەت دینەكەی خۆتیش چونكە ئەگەر باش نەبوو ئەوە گومڕات دەكات و سەرت لێ دەشێوێنێت.

٣_ دووركەوتنەوە لەتەماشاكردنی ئەو فلیمانەی كە تێكەڵاوییەكی زۆری كوڕان و كچانی تێدایە وە تەماشانەكردنی ئەو فلیمانەی كە ڕەواج بەعیشق و دڵداری و داوێن پیسی دەدەن وە دەبێت كتێب یان نامیلكەو گۆڤارو كورتە چیرۆكی عیشق و خۆشەویستی نەخوێننەوە چونكە وات لێ دەكەن ئەو تاوانەت بۆ حەڵاڵ دەكەن و زۆر بەجوانی تورش و خویێ پێكراوەی بۆت باس دەكەن دواتر تۆش وا دەزانی شتێكی ئاساییەو تایبەتە بەژیانی خۆتەوە بۆیە پەنای بۆ دەبەیت و دەیخوێنیتەوە.

٤_ كاتە بەتاڵەكان وئەو كاتانەی كەبەتەنهای هەوڵ بدە بەشتێكی باش و سوود بەخش پڕی بكەرەوە یان هەوڵ بدە كتێبی پڕ لە زانست و نامیلكەی ئاینیی بخوێنەرەوەبۆئەوەی بتوانی بەباشی لەدینەكەت شارەزا ببیت و كەس

---

[١٤] (النور) ٣٠.

[١٥] سورة (النور) ٣١.

[١٦] البخاري والمسلم.

[١٧] صحيح سنن ابي داود.

نەتوانێت بەئاسانی بەسەر دینتدا زاڵ ببێت کۆمەڵە بیروڕایەکت فێربکات کەدوایی ئاکارو ڕەوشتیش تیا بچێت و تووشی تاوانی گەورەتر ببیت خوا پەنامان بدات چونکە ئەو کاتانە کە بەشتی چاك پڕت نەکردەوە دوایی شتی خراپت دێتە بەردەست و تۆش ناتوانی بەئاسانی خۆتی لێ لابدەی.

٥_ زوو ژنهێنان یاخود زوو شووکردن یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکان بۆ دوور کەوتنەوە لەتووشبوون بەتاوانی عیشق و دڵداری چونکە گەر کەسێك هاوسەری نەبێت ئەوا خەڵکی هەوڵ دەدەن بەناوی خوازبێنی بوون بەهاوسەر دواڕۆژ مسۆگەرکردن هەڵت دەخەڵتێنن و لەخشتەت دەبەن پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا پێمان دەفەرموێت : (یا معشر الشباب علیکم بالباءة فلیتزوج فإنه اغض للبصر واحصن للفرج)[١٨] .

واتە "ئەی کۆمەڵی لاوان هەرکەسێك لەئێوە توانای ژن هێنانی هەبوو ئەوا با ژن بهێنێت چونکە دەبێتە هۆی داخستنی چاوو پاراستنی داوێن ".

لە فەرموودەیەکی تر دیسانەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (إذا اتاكم من ترضون خلقه ودينه فزوجوه، إلا تفعلوا تكن فتنة في الارض وفساد عريض)[١٩] .

واتە " ئەگەر کەسێك لەئێوە هاتە خوازبێنیتان و لەڕەوشت و لەدینی ڕازی بوون ئەوا شووی پێبکەن ئەگەر نا ئەوا فیتنەو ئاشووبێکی گەورە بڵاودەبێتەوە".

لەم فەرموودەدا ئاماژەکردنە بۆ ئەوەی کە گەر کەسێك شووی نەکرد ئەوا لەدواییدا وای لێ دێت پەنا بۆکاری ناشەرعی و حەرام ببات لەپێناو بەدەست هێنانی ئارەزووەکانی.بۆیە داوام لەخوای گەورەیە من وئێوەش بەڕێگە پاك و چاکەکەی ئیسلام شاد بکات و دوورمان بخاتەوە لەتاوان و لەکاری خراپە.

## مانای عیشق :

وەکو لەپێشدا ئاماژەمان پێکرد خۆشەویستی جیاوازە لەعیشق ، چونکە خۆشەویستی بەکاردەهێنرێت بۆخودا وە هەروەها بۆپێغەمبەرو هاوەڵان ، وە بەکاریش دەهێنرێت بۆ دایكو باوكو خوشكو براو دۆستو ڕەفیقان ...هتد، کەواتە خۆشەویستی گشتی یە ، بەڵام عیشق تەنها یەك جۆر دەگرێتەوە ، ئەویش بریتی یە لە پەیوەندی نادروستی لەنێوان کچو کوڕێکی بێگانەو نامەحرەمدا پێش پرۆسەی هاوسەرگیری .

بۆیە عیشق لەزمانەوانیدا بەمانای (خۆشەویستی لەڕادەبەدەر) (فرط الحب) دێت .

وە هەروەها سەبارەت بەمانای عیشق وتراوە : ئەو پەیوەندی یەیە کە لەنێوان دوو ڕەگەزی جیاوازدا هەیە.

وە وتراوە : ئەو سەرسام بوونەیە کە کەسی عاشق بۆ مەعشوقەکەی هەیەتی.

بۆیە دەتوانین بڵێین : عیشق بریتی یە لەکەوتنە ناو داوی پەیوەندی خۆشەویستی کوڕێك لەگەڵ کچێکی نامەحرەمدا.

بەڵام عیشق لەڕووی شەرعەوە پێ دەوترێت : (عشق الصور) ، واتە (عیشقی وێنە) ، چونکە کەسی عاشق وێنەی مەعشوقەکەی لەمێشكو دڵو دەروونیدا دەکێشێتو هەردەم ئەوی لەبیرەو هەر بەدوای بینینی ئەودا وێڵە.

---

(١٨) جامع الترمذي وصححة الشيخ الباني.

(١٩) صحيح الجامع ، رقم (٢٧٠).

www.ba8.org

کەواتە لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە دەکرێت بەعیشق بووترێت خۆشەویستی ، بەڵام ناکرێت بەخۆشەویستی بوترێت عیشق ، چونکە عیشق بەشێکە لەخۆشەویستی ، وە عیشق تەنها بۆ پەیوەندی سۆزداری لەنێوان دوو ڕەگەزی جیاوازدا بەکاردەهێنرێت ، بۆنمونە ، دەکرێت بووترێت ئەو کوڕە عاشقی فلانە کچە ، وە دەکرێت وشەی عیشق لابرێتو بوترێت : ئەو کوڕە فلانە کچی خۆش دەوێت ، بۆیە هەردوو شێوازی بەکارهێنانەکە لەڕووی واتاوە تەواوەو بەهەردوو شێوەکەش بەکاردێت.

بەڵام ناکرێت بەخۆشەویستی بوترێت عیشق ، بەپێی ئەوەی خۆشەویستی وشەیەکی گشتگیرەو بۆ هەموو شتێك بەکاردەهێنرێت ، بۆنمونە ، دەکرێت بوترێت ئەو گەنجە خودای گەورەی خۆش دەوێت ، بەڵام ناکرێ بوترێت ئەو گەنجە عاشقی خودا بووە ، چونکە ئەو وتەیە ئەوپەڕی بەدڕەوشتی یە بەرامبەر بەپەروەردگار ، سەرەڕای ئەوەی ئەو وشەیە لەلای هەڵگرانی پەیڕەوی تەسەوف بەکاردەهێنرێتو بەهیچ جۆرێکیش بیر لەواتاو مەبەستەکەی ناکرێتەوە ، خودای گەورە پەنامان بدات ، هەروەها دەکرێت بووترێت ئەو گەنجە پێغەمبەری خودای (ﷺ) خۆش دەوێت ، یاخود دایکی خۆش دەوێت ، یاخود باوكو خوشكو براکانی خۆش دەوێت ، بەڵام هیچ مەنتیق نیە بوترێت عاشقی پێغەمبەر (ﷺ) بووە ، وە عاشقی دایكو باوكو خوشكو براکانی بووە ، چونکە ئەو کاتە لەڕووی واتایی یەوە دەبێتە هەڵە ، چونکە ئێمە لەکاتی نوسینی هەر ڕستەو دەقێکدا پێویستە ڕەچاوی دوو لایەن بکەین ، گەر یەکێکیان هەڵەبوو ئەوا ئەوی دیکەشیان سودی نامێنێتو بەهەڵە حسێبی لەبۆ دەکرێ ، هەربۆیە مەرجە ئەو دوو خاڵە لەخۆبگرێت ، ئەوانیش :

**أ_ لایەنی ڕێزمانی.**

**ب_ لایەنی واتایی.**

بۆیە لەوە زیاتر حەزناکەم بچمە نێو بابەتی واتاییو ڕێزمانی یەکانەوە ، بەڵام هەر ئەوەندە حەزمکرد زیاتر خوێنەر بەوە ئاشنابکەم کە وشەی عیشق تەنها بۆ ڕەگەزی بەرامبەر بەکاردەهێنرێتو وە تەنها ماوەیەکی دیاریکراویشی هەیە ، ئەویش تاکو پێش مارەبڕین ، ئەگینا دوای مارە بڕین ڕاستەوخۆ دەبێت وشەکە بگۆڕدرێتو بکرێت بەپەیوەندی خۆشەویستی نەك عیشقبازی.

## حوكمی عیشق لەئیسلامدا :

ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەوپێیەی كە كۆتا ئایینەو هەموو ئاینو كتێبەكانی پـێش خـۆی نەسـخكردۆتەوە ، وە پێغەمبەری خوداش (ﷺ) دواهەمین پێغەمبەرەو دوای ئەو كەسی دیكە نایەت تاوەكو شەریعەتێكی دیكـە دابڕێـژێتو خەڵكیش بیكەینە مەنهەجو پرۆگرامی ژیانی خۆیان ، كورتەی ئـەم وتەیـەی مـن لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە كـە گـەر كردارێك هەبێت لەم ژیانەدا ئەوا مەحاڵە ئیسلام ئاماژەی پێنەكردبێتو حوكمی لەسەری نەدابێت ، وەكو لەزۆربـەی كتێبە فیقهی یەكاندا هاتووە كە گاورێك پرسیار لە سەلمانی فارسی دەكاتو پێی دەڵێت ئایا ئێوە پێغەمبەرەكەتان هەموو شتێكی فێركردوون ؟ ئەمیش پێی دەفەرموێت بەڵێ ـ تەنانەت چـوونە سـەرئاوو چۆنێتی خۆپاككردنەوەشـی فێركردووین ، لەبەر ئەوە مەحاڵە حوكمێكی وەكو عیشق كە دەبێتە هۆی ئـەوەی خاوەنەكـەی بكەوێتـە نـاو تـاوانی داوێن پیسیو سنوور بەزاندنی ڕەفتارو دروستكردنی كێشەو شیرك بۆ خودا دانانو ....هتد ، وە گەلێك تاوانی دیكـە ، بەڵام باس نەكرابێت ، بۆیە گومانی تێدا نیە كە حوكمێكی ڕوونو ئاشكرای هەیـە لـەلای ئیـسلامو زانایـان بـەپێی مروری زەمەن هەر قسەیان لەسەر كردووەو گەر بڕوانینە فەتواكانیان دەبینین زۆربەیان وەهایان لێكردووە بـەكلیلی دەرگای تاوانە گەورەكان وەكو (زینا) وەسفیانكردووە ، بۆیە حوكمی عیـشق حـوكمێكی گەورەیـە چـونكە بەشـێكە لەئارەزوو پەرستی ، خودای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت : ﴿ارایت مِن اتخذ إِلهه هواه﴾[٢٠] .

هەروەها خودای گەورە كاتێك لەقورئاندا فـەرمان بـەنێرو مێـی ئیمانـدار دەكـات بـەوەی كـە دەفـەرموێت : ﴿ قـل لِلمؤمِنين يغضوا مِن ابصارِهِم ويحفظوا فروجهم ﴾[٢١] .

وە لەئایەتێكی دیكەدا خودای گەورە فەرموویـەتی : ﴿ وقل لِلمؤمِنات يغضضن مِـن ابـصارِهِن ويحفظـن فروجهن ﴾[٢٢] .

ئایا ئەوە فەرمانێكی ڕووبەڕوو ڕاستەوخۆ نـی یـە ؟ ئایـا كـاف نیـە بـەوەی تـەنها بەیەكێكیـشیان بێـت دەبێـت كاربكرێت ؟ ئیدی برای خۆم حیكمەت لەوەیدا چی یە كە مرۆڤ بەدوای شتی پڕو پوچو بێ بەڵگە دەگەڕێت بۆئـەوەی ئارەزووە خراپەكانی پێ تێر بكات ؟ یاخود ئەوە چ فەلسەفەیەكە كاتێك دەوترێت : ئەگـەر وا بـوو وا بـوو ....؟؟. كۆمەڵێك وتەی ناشیرینت ئاراستە دەكا، وە بۆئەوەی تەنها عیشقەكەی بۆحەلاڵ بكەی دەیـان شـتی بـێ كـەڵكت بـۆ دەهێنێتەوە ، لەو كاتەشدا برا ئازیزەكەم ، خوشكە ئیمانـدارەكـەم شـەرعی ئیـسلام هـەر چارەسـەری بـۆ دانـاوی ، دەزانی چی یە؟ پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت : (لم یر للمتاحبین مثل النكاح)[٢٣] .واتە " نەبینراوە وەكو مـارە بـڕینو هاوسـەرگیری بـۆ خۆشەویـستان " ، كەواتـە وەڵامەكـەت بـەڕوونی دەسـت كـەوت ، ئـەویش ئـەوەتا ، بـرا ئازیزەكەم بچۆرە خوازبێنی كچەكەو مارەی بكە ، بێ ئەوەی پێشتر هەوڵی مەوعیدو چاوپێكەوتنو ڕابواردنو چوونە دەرەوەو پەیوەندی شەوانەو نامە بێ ماناكانتان لەگەڵ یەكتریدا بگۆڕنەوە ، چونكە چارەسـەری ئـەو خۆشەویـستی یەی كەتۆ پێم دەڵێی تەنها مارەكردنە ، دیسانەوە پرسیارێكی دیكە دێتـە ئـاراوە ئـەویش ئەوەیـە كـە ، گـەر مـاڵی كچەكە ڕازی نەبوون ؟ برا ئازیزەكەم دەتوانیت چەند جارێك بچیتە خوازبێنی بەشێوەیەكی شەرعی ، وە ئەگەر هـەر

---

(٢٠) سورة (الفرقان) ٤٣.

(٢١) سورة (النور) ٣٠.

(٢٢) سورة (النور) ٣١.

(٢٣) صحيح الجامع ،رقم (٥٢٠٠).

نەبوو ئەوا دەیان کچی دیکە هەیە ، گەر تۆ ڕاست دەکەی چۆن سەرەتا بەدڵت بووە ئێستاش بەئاسانی لەدڵت دەریبهێنە بێ ئەوەی سەر لەخۆتو ماڵەوەش بشێوێنی ، وە بەهەڵەش لێم تێمەگە نەم وتووە : گەر پەیوەندیتان هەبێت ، بەڵکو باسی ئەوە دەکەم گەر ڕەوشتو ئایینی کچێکت بەدڵ بوو بێ پەیوەندی دروستکردنو تلیفۆنو میسجو دەیان شتی بێ مانای دیکە.

هەروەها برا ئازیزەکەم ، خوشکە بەڕێزەکەم ، ئێستا من پرسیارێکتان ئاراستە دەکەم ، ئایا چۆن وەڵامم دەدەنەوە؟ ئایا سەرەتای عیشق چۆن پەیدا دەبێت ؟ ئایا لەنەزەرەوە پەیدا نابێت ؟ کەوابوو شتێك بەتاوان پەیدابووبێت ئەوا حوکمەکەی تاوانەو لەئیسلامدا حەرامە ، خودای گەورە لەئایەتێکدا دەفەرموێت : ﴿إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا﴾[٢٤] .

وە خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ﴾[٢٥]

وە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بەعەلی کوڕی ئەبو تالیبی فەرموو: (يا علي لا تتبع النظرة النظرة فإن لك الاولى وليست لك الاخرة)[٢٦] .

سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەمانەم خستە ڕوو بۆیە پێویست بەشتی دیکە ناکات ، چونکە وەکو وتراوە " کەسی ئەهلی ئەهواو و نەخۆش سەدان بەڵگەشی لەبۆ بهێنیتەوە هێشتا هەر بڕوای پێی نیە ، بەلأم لەبەرامبەردا کەسێك کە بەدوای هەقو ڕاستی یەکاندا بگەڕێت ئەوا تەنها بەڵگەیەکی بەسە ".وە لێرەدا چەندین ئایەتو فەرموودەی صەحیحم خستۆتە ڕوو جگە لەوە ئیدی ئەوە دەڵێم (وما على الرسول إلا البلاغ المبين).

## وتەی زانایان دەربارەی عیشق :

شەیخی ئیسلام ئیمام ئیبنو تەیمییە (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەربارەی عیشق فەرموویەتی : " عیشقکردن لەگەڵ کەسێکی بێگانەو نامەحرەمدا تاوانێکی هەیە مەگەر خودا بیزانێت چەندە ، وە عیشق لەو نەخۆشی یانەیە کە دینی خاوەنەکەی وێران دەکات ، دوای ئەوەش مێشکی ناهێڵێتو لاشەشی وێران دەکات "[٢٧] .

هەروەها ئیمام ئیبنولقەیم (ڕەحمەتی خودای لێبێت) فەرموویەتی : " ناکرێت لەدڵێکدا خۆشەویستی پەروەردگاری بڵندو عیشقی ئافرەتێك کۆبکرێتەوە ، چونکە ئەو دووانە زۆر پێچەوانەی یەکترنو دژی یەکتریش دەوەستنەوە ".

هەروەها یەکێك لەپیاوچاکان فەرموویەتی : " گەر تووشی تاوانێك ببم لەلام باشترە وەکو لەوەی تووشی عیشقی ئافرەتێك بم ، چونکە عیشقەکە دڵم بەندایەتی دەکاتو وە دووری دەخاتەوە لەزیکرو یادی خودا ".

هەروەها ئیمامی ئیبن عبدالبر فەرموویەتی : پرسیارکرا لەچەند دانایەك دەربارەی عیشق ؟ ئەوانیش فەرموویان : "عیشق کاری دڵێکی بەتاڵە".

بۆیە ئەوەندەش لێرەدا کافی یە بۆ ئەوەی مشتێکی نوسین کە لەخەرباریکی کتێبخانە ئیسلامی یەکان بەدەستم گەیشتووە بڵاوی بکەمەوە ، بەهیوای ئەوەی خودای تاکو تەنها لێم وەربگرێتو نیەتم پاکو ئیخلاص بکات لەبۆ کرداری چاکو بەسود ، وە منو ئێوەش دووربخاتەوە لەهەموو کردارێکو گوفتارێك کە خۆی پێی ڕازی نی یە .

---

(٢٤) سورة (الإسراء) ٣٦.

(٢٥) سورة (غافر) ١٩.

(٢٦) حسنه العلامة الألباني في سنن أبي داود برقم (٢١٤٩) ، وفي الجامع الترمذي برقم (٢٧٧٧) .

(٢٧) مجموع الفتاوى (١٣٢/١٠).

www.ba8.org

## زیانەکانی عیشق :

لێرەدا بەکورتی باسی هەندێ لەزیانەکانی عیشق دەکەین‌و جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەو خاڵانەی کە لەمڕۆدا لەناو کۆمەڵگای کوردەواری دا بەدی دەکرێت ، بێ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر هەندێ بـاس کـە بـوونی هەیـە لـەوڵاتانی دیکـەو دەتـوانین دەیـەها نمونـەی زینـدوو لەوبارەیـەوە بهێنینـەوە ، بـەڵام بەمەبەسـتی گەیانـدنی پەیامـەکان‌و خوێندنەوەی حاڵی حازری ئەو تاوانە لەم ناوچەیەدا تەنها سەرخاڵەکان باس دەکەین‌و ئاماژە بـەو زیانانـە دەکـەین کەتووشی کەسی عاشق دەبێت یان تووشی مەعشوق ، ئەوانیش :

١_ دوورکەوتنەوە لەخۆشەویستی خوداو کەوتنە ناو داوی خۆشەویستی بەندە.

٢_ زۆربەی کات مرۆڤ تووشی شیرك دەبێت‌و بەو شێوەیەش تووشی گەورەترین تاوان دەبێت ، گەر بەو شێوەیەش بمرێت‌و تەوبەی لەسەرنەکات ئەوا سزای ئاگری دۆزەخی تووش دەبێت.

٣_ عیشق‌و دڵداری گەورەترین هۆکارن بۆئەوەی لاوان بەهۆیەوە تووشی یەکێکی دیکـە لەتاوانـە گـەورەکان بـبن ، ئەویش زینایە ، کە دەبینین زۆربەی زۆری ئەوانەی خەریکی ئەو کارە خراپەن تووشی زینا هاتوون ، مەگەر کەسێك خودای گەورە ڕەحمی پێ کردبێت.

٤_ ئەو کەسانەی کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن ڕۆژانە تووشی سەدان یاخود هـەزاران نـەزەرو توماشـاکردنی حـەرام دەبن.

٥_ عیشق‌و دڵداری یەکێکن لەو هۆکارانەی کەمرۆڤ تێکەڵ ببێت لەگـەڵ ڕەگـەزی بەرامبـەرداو وەگومـانی تێـدا نیـە هـەموو ئـەو کاتانـەی کەپێکـەوە بەسـەری دەبـەن بـەتاوان‌و خراپـەکاری بۆیـان دەژمێردرێـت جـا چ بەشـێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت کەپێکەوە بوەستن لەشوێنی گشتی یـاخود تایبـەتی ، یـاخود چ لەڕێگـەی مۆبایـل‌و تلیفۆن‌و چـاتی پێگە ئینتەرنێتەکان بێت ، چـونکە هـەو ئەمانـە اری حـەرامن‌و بـەتاوانیش دەژمێـردرێن لـەبۆ لاوان جـا چ کـوڕ بێـت یاخود کچ.

٦_ عیشق هۆکارێکە بۆ لەدەسـتدانی ڕەوشـت‌و بـەها پیرۆزەکـانی ئیسـلام ، چـونکە ئـەو پلـەو پایـە گرنگـەی کـە ڕەوشت هەیەتی لەئیسلامدا عیشق نایهێڵێت ، لەبەر ئەوەی پەیوەندی یـەکی نادروسـت پەیـدا دەکـت لـەنێوان کـچ‌و کوڕێکی نامەحرەمدا لەکاتێکدا ئیسلام ڕێگەی بەو پەیوەندی یە نەداوەو پێی ڕازی نیە.

٧_ عیش هۆکارێکە بۆ لەناوچوونی بەهاو ڕەوشتە کۆمەڵایەتی یەکان ، چونکە کۆمەڵێك گەر ابەند بێت بەڕەوشـتە ئایینی یەکانەوە هیچ کات ڕێگا بەوە نادات ئەنـدامانی ئـەو کۆمەڵگایـە پەیوەنـدی ناشـەرعی‌و نادروسـت ببەسـترێت پیش مارەبڕین ، چونکە دەبێتە هۆی پچڕان‌و لەناوچوونی ئەو پەیوەندی یەی کە لەنێوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا هەیە.

٨_ هەندێ جار پەیوەندی عیشق‌و دڵداری کوشتن‌و شەڕو ئاژاوەی لـێ دەکەوێتـەوە ، بەمـەش لەبـەر کـارێکی بـەد ڕەوشتی چەندین کەس لەهەردوو بنەماڵەی کوڕەکەو کچەکە دەکـوژرێن کـە خـۆی لەخۆیـدا کوشـتنی مـرۆڤ یەکێکـە لەتاوانە هەرە گەورەکان.

٩_ یەکێکی تر لەزیانەکانی عیشق پچڕانی پەیوەندی خێزانی یە ، لەبەر ئەوەی کە پیاوێك ژنی هەیەو لەو ساتەشدا پەیوەنـدی ناشـەرعی لەگـەڵ کەسـێکی دیکـەدا بـەناوی عیـشق‌و خۆشەویستی دەبەسـتێت‌و بـەو هۆیەشـەوە دوای ئاگابوون لەلایەن خێزانەکەیەوە تەڵاق‌و لێك جیابوونەوەی لێ دەکەوێتەوە ، جگە لەوەش منـداڵ‌و نەوەکانیشی بـێ

نازو بێ کەس دەبن بەوەی کەسێك نی یە بەچاکی چاودێرییان بکات لەکاتێکدا کە بوکیـان ئـەوە ڕەوشـتی بێت دەبێت چۆن ڕەوشتێك فێری منداڵەکانی بکات ، وە بەپێچەوانەشەوە بۆ ئافرەتانیش هەر ئەو زینەی هەیە کە کاتێك مێردی کردووە بەڵام خەریکی عیشقبازی یە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا.

١٠_ کۆتا خاڵ لەسەر زیانەکانی عیشق ئەوەیە کە دەبێتە هۆی نەمانی دڵنیاییو پـاکێتی چ لای کـوڕان بێـت یـاخو کچان ، چونکە دایكو باوك زۆر دڵنییان لەڕەوشتپاکی کچو کوڕەکانیان بەڵام کچانو کـوڕان ئـەم هەلـە دەقۆزنـەوەو لەگەڵ ئەوەشدا خیانەت لەو ڕێزو دڵپاکی یەی دایكو باوکیان دەکەنو ڕەوشتییان بـەو کـارە نابەجێیـە دەدۆڕێـنن ، ئەمەو دەیان خاڵێتر کە لەم کوردستانەدا بوونی هەیە لەئەنجامی یـشقو دڵـداری دا لاَم ئەوەنـدە باشـە بۆناسـاندنو ڕوونکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لەعیشقو دڵداری یەوە سەرچاوەی گرتـووە ، بۆیـە داواکـارم پـەروەردگاری مـەزنو خاوەن ڕەحم بمانبووڕێتو لەو زیانانەش بەدوورمان بگرێت.

## گفتوگۆیەکی هێمنانە لەگەڵ ( قانع خورشید ) .

سەرەتا پێم خۆشـە ئـەوە بڵـێم مـنو قـانع خورشـید نـە لـەدوورو نـە لەنزیکیـشەوە یـەکتری ناناسـین ، بـەڵکو هـەر ئەوەندەیە کە من دوای ئـەوەی خوێندنەوەیـەکی تێروتەسـەلم کـرد لـەبۆ یـەکێك لەڕەشنوسـەکانی بـەناوی (عیـشق لەنێوان عەقڵو ئاییندا)و بۆم دەرکەوت کە ئەو ڕەشنوسە کەمو کوڕی یەکی زۆری تێدایەو سەرەڕای ئەوەش دەبینم کە کاکی ڕەشنوسکار پشتی بەکۆمەڵە بەڵگەیەك بەستووە کە هیچیان نابنە هۆکاری ئـەوەی کـە عیـشق لەئیـسلامدا حەلاڵ بکەنو لەگەڵ ئەوەشدا گەر بەجوانی بڕوانینە ئەو کتێبە دەبینین قانع خورشـید زیـاتر باسـی عیـشق دەکـات بەشـێوەیەکی عەقڵیانـەو دوور لەڕاوبۆچـوونی شـەرعی ، وە گـەر کەسـێکیش حـەزیکرد بۆدڵنیـابوون ئـەوا لەگـەڵ هەمووخاڵێکدا ژمارەی لاپەڕەکەم نوسیوە بۆ ئەوەی کەسێك حەزیکرد بەدوایدا بگەڕێتو بەراوردێك لەنێوان هـەردوو نوسینەکەدا بکات ، بەڵام تکام وایە کە خوێنەران بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بەڵگەکان هـەر لـەخۆوە توندڕەو نـەبنو وتەی نابەجێ نەدرکێنن تاوەکو شتەکانیان بۆ ڕوون دەبێتەوە بەپشتیوانی خودای مەزن ، بۆیـە بەپـشتیوانی خـودا لەچەند خاڵێکدا وەلاَمی چەند بەشێکی کتێبەکە دەدەمەوە بەو هیوایـەی چیدی خوێنـەری کـورد نەکەونـە هەڵـەوە سەبارەت بەحوکمی عیشق لەگەڵ حوکمی خۆشەویـستی دا هـەروەها بۆئـەوەی هـەموو ئـەو هەڵـەو کـەمو کورتیانـە چارەسـەر بکـرێن کـە لـەدوو تـوێی پەرتوکـە کـوردی یەکانـدا بـەدی دەکـرێن سـەبارەت بـەحوکمی خۆشەویـستیو باسەکانیان.

بۆیە لێرەدا بەچەند خاڵێکی کورتو پوخت وەلاَمی ئەو ڕەشنوسەو نوسەرەکەی دەدەمەوە گەر خودا ویـستی لەسەر بێت بەڵام درێژەی پێنادەم لەبەر ئەوەی ئەو ڕەشنوسە نـەك ئـەم بەشـە نامیلکەیـە بـەڵکو پێویـست دەکـات بەکتێبێکی گەورە وەلاَم بدرێتەوەو بۆ خوێنەرو ڕەشنوسکاریش ڕونبکرێتەوە کە حوکمی عیشقو داوێن پیـسی چـی یە لەئیسلامدا ، وە خاڵەکانیش بریتین لە :

١_ قانع خورشید لەنوسینەکەیدا هیچ جیاوازییەکی نەکردووە لـەنێوان (عیـشق و خۆشەویـستی) چ لـەڕووی واتـاوە بێت ؟ یان لەڕووی جۆرەوە ؟ یان لـەڕووی حـوکمی شـەرعییەوە ؟ هـەموو ئەمانـەی تێکـەڵ بەیـەك کـردووە لەهـەر شوێنێکدا ویستبێتی زاراوەی (عیشق)ی بەکارهێناوەو لەبەرامبەریـشدا هـەر شـوێنێك کـە درێژەی پێـدابێت زاراوەی (خۆشەویستی و ئەوین)ی بەکارهێناوە ، کتێبەکەش بەدرێژی لەئەلفـەوە بـۆ یـاء شـایەتحاڵی ئـەم قسەیەی منـە ،

ئەمەش خۆی لەخۆیدا زوڵمێكی گەورەیە دەرهەق بەو دوو زاراوە ، چونكە گەر بێتوو ئێمە بەیەك واتا تەماشای ئەو دوو زاراوەیە بكەین ئەوا توشی هەڵەیەكی زۆر گەورە دەبین ، بۆنمونە كەسێكی ئیماندار خودای گەورەی خۆش دەوێت ، ئایا دەكرێت بڵێین عاشقی خودا بووە ؟ بێگومان نەخێر ، چونكە ئەو بیروباوەڕە هی ئەو كەسانەن كە ئینتیماو نزیكییان لەبۆ سۆفیگەرێتی هەیە ، ئەمەش بێگومان پەیوەندی بەخواپەرستی یەوە هەیە ، گەر كەسێكیش خودا پەرستی بكات پێویستە بەڵگەی هەبێت تاوەكو بزانێت چۆنو بەچی شێوەیەك ئەو خوداپەرستییە ئەنجام دەدات ، بۆیە دەپرسم ئایا لەهیچ ئایەتێكی قورئاندا خودای گەورە فەرموویەتی پێغەمبەرانو ئەولیاو پیاوچاكان عاشقی منو منیش بەهەمان شێوە عاشقی ئەوانم ؟! بێگومان نەخێر چونكە هیچ ئایەتێكی لەو جۆرەمان نیە ، هەركەسێك بەویستو مەبەستو مێشكی خۆی تەفسیری ئایەتەكان بكات بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ فەرموودەو تەفسیری هاوەڵان ئەوا بێگومان توشی گومڕایی دەبێتو لەڕێگا ڕاستەكەی ئیسلامیش دوور دەكەوێتەوەو نەك هەرخۆشی بەڵكو كەسانی دەوروبەریشی توشی گومڕایی دەكات ، یاخود پرسیارێكی دیكە ، دەكرێت بوترێت كەسێك عاشقی دایكو باوكی بووە ؟! بێگومان ئەمیش وەڵامەكەی هەر نەخێرە ، چونكە وەكو لەمانای عیشقدا باسمانكرد كە عیشق لەو خۆشەویستی یە لەڕادەبەدەرە پێكهاتووە كە لەنێوان كورو كچێكدایە ، كەواتە بۆمان دەركەوت كە واتاو مەبەستی عیشق زۆر دوورە لەواتاو مەبەستی خۆشەویستی . بۆیە ڕەشنوسكاری ناوبراو لەهیچ كام بەشەكانی ئەو كتێبەدا جیاوازی نەكردووە لەنێوان ئەو دوو وشەیەدا ، بۆ زانیاری بەڕێزیشتان دەتوانن ئەو كتێبە بەدرێژی بخوێننەوە.

٢_ ڕەشنوسكار نوسیویەتی " ئەم بابەتەی بەردەستی جەنابت شتێكی گەورە نیە ، بەڵام تازەیە ، تازەیە ... لەبەر ئەوەی لەناو ئیسلامیەكاندا كەم كەسانێكن ئەوانەی جورئەتی وروژاندنی بابەتێكی وەهایان هەیە ، ترسان لەقسەی خەڵكو لەو بیروڕا ناتەواوانەی لەكۆمەڵگەدا جێگیربوونە وای لەزۆر دیندار كردووە سەرەڕای زانینی ڕاستیو هەقیقەت دەمی خۆی بگرێتو بانگی بۆنەكات "[1].

لێرەدا دوو خاڵ هەیە پێویستە نوسەری ئەو كتێبەو خوێنەری بەڕێزیش ئاگاداربكرێنەوە ، ئەوانیش :

أ_ ئەو وتەیە بەشی سەرەتاكەی زۆر تەواوە ، چونكە لەناو ئەهلی سوننەو جەماعەتدا كەم كەس هەیە هەستێت بەحەڵاڵكردنی كاری فاحیشەو بەد ڕەوشتی لێرەدا مەبەستم عیشقەكەی نوسەری بەڕێزە چونكە لەخاڵەكانی دواتردا دێمە سەری بەپشتیوانی خودا بەوەی چۆن جەنابی نوسەر عیشقی بەلاوە پەسەندە ، نەك هەر ئەوەندەش بەڵكو ئیددیعای شەهیدبوونیش دەكات بۆكەسانێكی عاشیق كە بەمەعشوقەكەیان نەگەن ! بەڕاستی سەیرە ، دیسانەوە ڕاست دەكات ، چونكە لەم سەردەمەداو تەنانەت پێشتریش لەناو ئەم میللەتە كوردە ئیسلامە فەقیرەی ئێمەدا هیچ كەسێكی ئیماندار نەیتوانیوە بەویستی خۆیو بەبێ ئەوەی پشت بەیەك ئایەت یاخود بەیەك فەرموودەی دروست ببەستێت لەبۆ حەڵاڵكردنی عیشق !! بەڕاستی هەموو ئەم وتانە وەستانی دەوێت تابەجوانی لەماناكەی تێبگەین ، بەڕاستی نوسەر خۆی بەخاوەن جورئەت دەزانێت لەبەرامبەر بەوەی عیشقی بەحەڵاڵ زانیوە ، گومانی تێدا نیە ئەو نوسینە دەبێتە هۆی والاكردنی چەندین دەرگای دیكە لەبۆ چوونە ژوورەوەی دەیەها تاوانی بچووكو گەورەی تر

[1] (عیشق لەنێوان عەقڵو ئاییندا) ، لا ١٧.

www.ba8.org

بەبێ ئەوەی خەڵکی بەخۆی بزانێت ، خەڵکیش بەو شێوەیەی ئێستاو بگرە زیاتریش گومڕا دەبێت ، هەرئەوەندە بەسە بۆئەوەی بەکورتی وەڵامی بدرێتەوە.

ب_ ئەو وتەیە دەبینین بەشی کۆتایی نوسینەکە قسەی نابەجێی تێدایە لەبۆ خاوەن زانستە شەرعییەکانی ئەم میللەتە لەگەورەوە دەست پێبکە تاوەکو بچوکترین کەس ، چونکە ئەو پێی وایە ئەو عیلمە ناعیلمەی کەوا جەنابی دەیزانێت خەڵکی دیکەش دەیزانێت بەلاّم دەترسێتو لەخەڵکی دەیشارێتەوە ، بەلاّم کاکە قانیع ناترسێتو بەجورئەتەو باسی حەلاّلی عیشق دەکات !!! بەڕاستی ئەمە تانەیە دراوەتە پاڵ ئەهلول عیلمی ئەم ولاّتە ، چونکە گەر نوسەر ڕاست بفەرموێت ئەوا سێ یەکی کوردستان لەڕۆژی دوایی دا توشی لێپێچینەوە دەبن سەبارەت بەوەی چۆن زانیویانە کەعیشق حەلاّڵەو بەحەلاّلیان دانەناوە؟؟! بۆ تەنها قانع خورشید وتەی هەقی درکاندووەو عیشقی بەحەلاّڵ زانیوە بەلاّم ئێوە ترساونو وتەی هەقو ڕاستیتان نەدرکاندووە ؟؟!! ، بۆیە کاکە قانیع دەبێت لەکاتی نوسینی هەر وشەیەکدا بەباشی لێی بکۆڵێتەوەو بزانیت چی دەنوسیت بۆیە پێت دەڵێم گەر مەبەستت ئەوە نەبووە لەنوسینەکەتدا ئەی ئەو دێڕە چ مانایەکی هەیە ؟! چلۆن لەبۆ تێگەیشتنمان ڕاڤەو تەفسیری دەکەیت ؟؟ بۆیە خوشکە بەشەرمەکانم ، برا ئیماندارەکانم گەر کەسێك ویستی هەندێ شتتان لەبۆ حەلاّڵ بکات ئەوا شەرم مەکەنو دەستەوسان ڕامەوەستن یەکسەر پێی بڵێن دەقێکمان بۆ بهێنەرەوە لەقورئان ، یاخود فەرموودەیەکی صەحیحمان بۆ بهێنەرەوە ، یاخود فەتوایەکی زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەتمان بۆ بهێنەرەوە ؟ گەر نەیبوو ئەوا پێویستە وتەکانی بەلاوە بنێیت ، دەنا سەرت لەئاگری دۆزەخەوە دەردەکات خودای گەورە منو ئێوەو ڕەشنوسکاریش لێی بەدوور بگرێت .

٣_ گەر تەماشای لاپەڕە (٢١_٢٢) بکەین دەبینین کۆمەڵێك وتەی تێدایە بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە ، وەکو نوسیویەتی " دەکرێتو گونجاویشە مرۆڤی دیندارو مولتەزم شەیداو عاشق بێت بەبێ ئەوەی موسوڵمانێتیەکەی لەکەدار بێت "!!!!.

منیش دەڵێم " ئەمە چ جۆرە ئیلتیزامێکە کە جەنابت باسی لێوە دەکەی ؟ نەدەکرا لەبۆ سەلماندنی وتەکانت نمونەیەکمان لەبۆ بهێنیتو تاکو وتەکانت بەهۆیەوە شی بکەیتەوە؟ دیسانەوە نەدەکرا باسی پێغەمبەر (ﷺ)و هاوەڵانیت بکردایە کە چۆن عاشق بوونەو لەکاتێکیشدا وابەستە بوونە؟ ئەگەر شتی واشمان لەبەردەستدا نیە ئەی چۆن بەڕێزت شتی وا لەخۆوە دەڵێیت ؟! چونکە بەڕاستی شتێك نابێت بوترێتو بنوسرێتو بەحەلاّڵ دابنرێت گەر بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرات لەبەردەستدا نەبێت".

هەر بۆیە دیسانەوە دەڵێم بەهیچ شێوەیەك نەبینراوەو نەبیستراوە کە کەسێك لەخوداترس بێتو دڵی پەیوەست بێت بەمزگەوتو وابەستە بێت ، لەبەرامبەریشدا عاشق بێتو کچێك دڵی داگیربکاتو هەر خەریکی کاری خۆشەویستی بن بەڕاستی ئەمە سەد دەر سەد پێچەوانەی یەکترنو پێکەوە ناگونجێن ، یاخود هەر جەنابی لەلاپەڕە (٢١)دا ئاماژەی بۆئەوە کردووە کە "گەر بوترێت عیشق لەئیسلامدا حەرامە ئەوا خەڵکی واز لەئیسلام دێنێت ، بۆیە نابێت وا بوترێت بۆئەوەی خەڵکی ئیسلام بێتو عاشقیش بێت".

ئەمەش دیسانەوە یاسایەکی هەڵەیەو پێچەوانەی شەرعی ئیسلامە ، چونکە گەر بەپێی ئەو قسەیەی تۆ بێت ئەوا نابێت ئێمە ڕۆژانە بڵێین "تکایە کەس نەزەر نەکات " یاخود " تکایە کەس مەی نەخواتەوە " یاخود " تکایە کەس جگەرە نەکێشێت" یاخود " تکایە کەس .......هتد". چونکە ئەم شتانەش کۆمەڵێکی زۆر لەموسوڵمانان ئەنجامی

دەدەن ، ئایا ناکرێت ئەمانە بوترێت چونکە دوای ئەو جۆرە کەسانە لەئیسلام دوور دەکەونەوە ! ! ! یان دیسانەوە ئەمیش بەڵگەیەکی عەقڵی جەنابتەو دەتەوێت بەسەر ئیسلامو موسوڵماناندا تەتبیقی بکەیت ، دەنا هیچ بەڵگەیەکت پێ نیە لەبۆ حەلاڵکردنی عیشق ، وە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بەڵگەیەکی دیکەت بەدەستەوە نیە بۆ ئەوەی کەس باسی حەرامێتی عیشق نەکات ، بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی خەڵکی دوایی واز لەئاینی ئیسلام دەهێنن ؟ وەلاهی برا ئازیزەکەم گەر لەم سەر رووی زەمینە هەر هەموو بەمنو تۆشەوە موسوڵمان بین ئەوا هیچ لەموڵکی خودا زیاد ناکات ، وە گەر ئەم سەر زەمینە بەمنو تۆشەوە خودا پەنامان بدات بێباوەڕ بین ئەوا هیچ لەموڵکی خودا کەم ناکاتەوە ، ئیدی چۆن من لەبەر قسەی بێ مانای خەڵکی نەزان واز لە ئەمر بەچاکەو نەهی لەخراپە بهێنم ؟.

بۆیە برا خۆشەویستەکانم خوشکە ئازیزەکانم گەر ئێمە بۆحەلاڵکردنی شتە حەرامەکان موسوڵمان بوینە ئەوا دینی خودا زۆر لەوە گەورەترە کەسانی وا ئیددیعای ئیسلامەتی بکەن بۆیە تکام وایە منو نوسەری بەڕێزو ئێوە ئیمانداریش هەوڵ بدەین دینە پاکەکە وەکو خۆی بگەیەنینو لەلۆمەی لۆمەکارانیش بەهیچ شێوەیەك نەترسینو هەولیش بۆڕازیکردنی هیچ کەس نەدەین غەیری خوداو دینەکەی نەبێت بەپشتیوانی خودا.

٤_ هەروەها کاکە قانیع نمونەیەکی هێناوەتەوە بەبەڵگە ئەویش ئەوەیە کە " ئەبو سائیبی مەخزومی ڕۆژێکیان خۆی بەپەردەی کەعبەدا هەڵواسیبوو دوعای دەکردو دەی فەرموو : خودایە ڕەحم بەعاشقان بکەیت ، دڵیان بەهێزبکەیت ،وە دڵی مەعشوقەکانیان بەرامبەر سۆزدار بکەیت ، بۆیە پێیان وت : ئەوە چ دەڵێیت ؟؟! وتی : سوێند بەخودا دوعاکردن بۆعاشقان خێرترە لەعومرەیەك کە لە (جیعرانەوە) بێیت بۆی "[٢] .

بەڕاستی من تێناگەم کە کاکی ڕەشنوسکار مەبەستی چی یە لەباسکردنی ئەم نمونە بێ ماناو بی مەنتیقە ؟ چونکە نەك هەر وتەیەکی نابەجێو باتڵە بەڵکو لەوانەشە توشی تاوانێکی گەورەش بێت ، لەبەر ئەوەی زانینی خەیرو حوکمەکانی تەنها خوداو پێغەمبەر (ﷺ) باسیان لێوەکردووە ، ئیدی نازانم ئەو نا زاناو ناعاریفەی کەتۆ بەبەڵگە دەیهێنیتەوە لەچ سەرچاوەیەکەوە ئەو دەقەی فەرمووە ؟ چونکە هیچ کەسێکی خاوەن عەقڵی ئایینی هەڵەی وا گەورە ناکات لەبەر ئەوە لای هەموان ئاشکرایە کە حوکمو فەزڵی عومرە چەندە گەورەیە ، ئیدی پێویست ناکات من لێرەدا بەدرێژی بۆ جەنابتی روون بکەمەوەو باسی عومرەت لەبۆ بکەم ، بۆیە گەر کەسێك بیەوێت باسی فەزڵو ئەحکامەکانی کردارێك بکات وە بەراوردی بکات بەکردارێکی دیکە لەخوداپەرستی دا دەبێت پشت بەچەندین بەڵگەی بەهێزو ڕاست ببەستێت وە هەمووشیان تەنها دەبێت لەقورئانو فەرموودە ڕاستەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت ، لەبەر ئەوەی هەر حوکمێك بەپێی گرانیو قورسی خەیری زیاد دەکاتو فەزڵی هەیە بەسەر کارە چاکەکانی دیکەدا ، من تەنها یەك شت دەڵێم بە کاکە قانیع ئەویش ئەوەیە ئەوەندە پشت بە شتی پڕوچڕو بێ سەرچاوە نەبەستێت لەبۆ حەلاڵکردنی حەرامەکانو دواتریش خۆی لێ بێئاگا بکات لەبەر ئەوەی وتەی زاناو ناعاریفو شاعیرەکانە ، چونکە تاکو ئایەتی خوداو فەرموودە ڕاستەکان وەستابن هەموو ئەوانە شتی پوچەڵن گەر پێچەوانەی بن.

٥_ قانع خورشید لەجێگەیەکی تردا شتی بێ ماناو نارێکی زۆری نوسیوە بەلام من ئەم پارچەیەم بەکافی زانی تاکو بیخەمە بەردیدی خوێنەری ئازیز ، وە گەر حەزیشیانکرد بەتەواوی ببینن ئەوا لەپەراوێزەکەدا ئاماژەم بەهەموو لاپەڕەکان کردووە کە لێرەدا وەلامێکی کورتی دەدەمەوە ، کاکی ڕەشنوسکار نوسیویەتی " ئەوەی ئەو گروپە

[٢] (عیشق لەنێوان عەقڵو ئاییندا) ، لا ٣٨.

www.ba8.org

(مەبەست لێی ئەو زانا بەڕێزانەیە کە عیشقیان بەلاوە حەرامەو عیشقیان بەبەزاندنی سنوری خوداو یاسا شەرعیەکان زانیوە ، وە عیشقیان بە کاری بزێوو بەدڕەوشتیو ئەنجامدانی نەزەری حەرام داناوە ، وە لەحوکمی عیشقدا بەڕوونی باسمان لێوە کردووە ) بۆی دەچنو دەیانەوێت دونیایەکی خەیالّی یەو تەنها لەولآتێکدا پیادە دەکرێت کەکیتاب حاکم بێتو دەققی کتێبەکان ئەزموون بکرێن ، ئەگەر نا خۆ لەکاتی حوکمڕانی پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفە ڕاشدینەکانیشدا ئەوی ئەمان دەیڵێن – لەدووریو تێکەڵ نەبوون– جێبەجێ نەکراوە ، چونکە قابیلی جێبەجێکردن نینو مەحاڵن ، وە تەنها کاری عالەمی خەیاڵن "[٣] .

بەڕێزانم خوشکە ئیماندارەکانم ، برا خۆشەویستەکانم ، ئایا گەر کەسێك لەولآتێکدا بژی کەکار بەکیتابو سوننە نەکرێت ئایا دەکرێت بەویستی خۆی هەموو تاوانێك ئەنجام بدات بەبەهانەی ئەوەوە کە بەکیتابو سوننە کارناکرێ ؟ مامۆستا قانیع ، تۆ بەمێشکی خۆت شتەکان دەپێویت نەك بەشەریعەتی ئیسلام ، چونکە تێکەلآوی کوڕو کچ حەرامە ، دڵداریو عیشقبازی حەرامە ، نەزەرکردن حەرامە ، پەیوەندی نادروست لەگەڵ شەرەفو ناموسی موسوڵمانان حەرامە ، ئیدی بەکیتابو سوننە کار بکرێت یان نا ، ولآتی ئیسلامی هەبێت یان نا ، حاکم موسوڵمانو دیندار بێت یان نا ، ئیدی بەسە چەواشەکاری ، بەڕاستی ئێوە وا لەم کوردزمانە تێگەیشتوون کە کەسانێکی هەڵخەڵەفاوو گێلنو هیچ لەدونیا تێناگەن !!! باسی هەرشتێك دەکرێت ئێوە یەکسە سەر هەڵدەبڕنو دەڵێن : حاکم موسوڵمان نیە ، بەکیتابو سوننە کارناکرێ ، حاکم زاڵمە ، حاکم حاکم ..... بەڕاستی وتەیەکی زۆر ناشیرینە کەفێری بوونو وەکو توتی ئاسا هەر دووبارەی دەکەنەوە ، ئەگینا ئەمە کەی پێوەرە بۆ بەحەلآڵ دانانی کاری بەدڕەوشتیو عیشق ؟! وە ئەو بەحەلآڵ دانانەی تۆو هاوبیرەکانت کە لەهەموو بۆنەو ئاهەنگەکانتاندا تێکەلآوی یەکی ئێجگار زۆری کوڕانو کچان هەیە کە یەکێکە لەبلآوکردنەوەی فەسادو بەدڕەوشتی لەئەم ولآتەدا کەی لەکیتابو سونەدا هەیە ؟؟ ئایا گەر حاکمی موسوڵمان هەبوایە کە کاری بەکیتابو سوننە بکردایە چۆن دەیهێشت ئێوە بەو شێوەیە پێ ڕابکێشنو بەویستو ئارەزووی خۆتان چۆن دەتانەوێ ئاوەها ئیسلام لەگەڵ عەقڵی خۆتاندا بگونجێنن ؟؟ بۆیە کاکی ڕەشنوسکار ئەم خاڵەش وەکو ئەوانی پێشوو نەتپێکا چونکە ئەم دینەی ئێمە لەهەندێ حوکمی کەمدا نەبێت تەماشای شوێنەکان دەکات جگە لەوە لەهەموو شوێنێك حەرام هەر حەرامەو کەسێکیش هەوڵی حەلآڵکردنی حەرامێك بدات ئەوا لەستەمکارانە خودا پەنامان بدات .

وە دواتر تۆ تانە لەوتەی زانایان دەدەیو وتەکانیان بەوە وەسف دەکەی کە ئەوان لەواقیعدا نازین وەکو جەنابت ! بەڵکو ئەوان لەعالەمی خەیاڵی دا دەژین بۆیە ئەو فتوایە دەدەن بەوەی کە عیشق حەرامە ، دیسانەوە ئەوەت بۆ ڕون دەکەمەوە کە ئەو عالەمەی تۆ پێی دەڵێی خەیاڵی عالەمی ئیسلامی پاکەو کاریگەری هیچ حیزبێکی بەناو ئیسلامیو دونیایەکی عیلمانیو عەولەمەی لەسەر نەبووە ، ئەوان بۆ بەرژەوەندی حیزبو کورسی پارەو خەڵك کۆکردنەوەو ڕێکخراوو دونیا ویستی فەتوا نادەن ، بەڵکو ئەوان بۆ هەموو شتێك دەگەڕێنەوە بۆ کیتابو سوننە ، وە گەر جەنابت وەڵامت هەبوایە لەبۆ فەتواکانیان ئەوا ڕووبەڕێکی فراوانی ڕەشنوسەکەت تەرخان بکردایە بۆ وەڵامدانەوەیان گەر ئەوان پشتیان ببەستایە بەفەرموودەی زەعیفو لاواز وەکو جەنابت ، بەڵام بەداخەوە تۆو ئەوانەی کە تۆ پشتیان پێ دەبەستی لە تۆمەتو بوهتانو وتەی نابەجێ زیاتر ناتوانن بەوەڵامێکی ئایینو زانستی

---

[٣] عیشق لەنێوان عەقڵو ئاییندا ، لا ٤٣.

وەلآمیان بدەنەوە ، چونکە سوپاس بۆ خودا دینە پاکەکەیان پـێ یـەو هێزیش نیـە لـەڕووی شـەرعەوە بلێـت ئێـوە هەڵەن یان پشتتان بەبیروڕای هەڵە بەستووە ، وە ئەوان ناچن وەکو جـەنابت عـەقڵ پەسـەند بکـەن بەسـەر ئاییـندا وەکو نـاوو نـاوەڕۆکی ڕەشنوسـەکەت بـریتی یە لـە (عیـشق لـەنێوان عـەقڵو ئاییـندا) بەڕاسـتی خـۆت بۆخوێنـەری خۆشەویست سەلماندووتە کە وتەکانت عەقڵین پێش ئەوەی ئایینی بن ، دەنا بەهەموو پێوەرێك دەبوایە بتنوسیبایە (عیشق لەنێوان ئایینو عەقڵ)دا ، بەڵام بەداخـەوە مەبەسـتەکەت ئـەوە بـووە وا نوسـیوتە ، دەنـا ئـەمن زۆرم حـەز لێبوو بەوەی تەنها وەلآمێکی ئێجگار فراوانم بدایەیتەوە چ لەڕووی ڕێزمانی یـەوە بێـت یـاخود لـەڕووی واتـایی یـەوە بێت یاخود لەڕووی ئایینی یەوە بێت سـەبارەت بەناونیـشانی ڕەشنوسـەکەت ئـاه چـەندم پێخۆشـبوو کـە بەتـەواوی پێداچـوونەوەت بکردایـە لـەبۆ ئـەو ڕەشنوسـەو بریـا پـێش چـاپکردنەکە کەسـێکی زمانـەوان بەڕەشنوسـەکەتدا بچووبایەتەوە چونکە دەزانی ئەو هەڵەیە لە هەڵەی هەموو ناوەڕۆکەکە گەورەترە ؟؟.

٦_ هەروەها کاکە قانیع بەداخەوە دەبینین زۆربەی ئـەو فەرمودانـەی کەهێناویەتیـەوە ضـعیفن یـاخود (موضـوع) هەڵبەستراون ، واتە هیچیان لەپلەی (صەحیح)و (حسن) دا نین ، واتە هیچیان وەرناگیرێنو پشتیان پـێ نابەسـترێت ، ئیدی نازانم خۆی بەدوای هەقو ڕاستیەکاندا نەگەڕاوە؟ یاخود بەهەڵەدا چووە ؟ یان مەبەستی چاکە بـووەو بـەلآم نەیپێکاوە ؟ یاخود بەتەواوی بۆ ئـەو کەسـەی نەخوێندووەتـەوە کەپێداچوونەوەی بـەم کتێبـەدا کـردووە ؟ یـاخود سەنەدی حەدیسەکەی بۆ بەیان نەکردووە ؟ یاخود ئەسڵەن صەحیح و ضەعیفی بەلاوە گرنگ نیە ، بەڵکو دیارە لای ئەو تەنها هێنانەوەی فەرموودەکە بێتو بەو شێوەیە خوێنەری فەقیرو بێئاگا چەواشە بکات ؟ ئیـدی مـن بەتـەواوی نازانم مەبەستی چیە ؟ چونکە تەنها نوسیویەتی ئیمامی ئەحمەد لە (المسند)ەکەیدا هێناویەتی ، بۆیە دەپرسم ئایا ئەو فەرموودە صەحیحە ؟ یان لاوازە ؟ یان چ پلەیەکی هەیە؟ چونکە ئەمانەتی عیلمی دەبێـت بـێ شـاردنەوەو بـێ غەشکردن بگەیەندرێتـە خوێنـەری بـەڕێز بۆئـەوەی بەتـەواوی لەشـتەکان بگـات، بۆنمونـە لەلاپـەڕە (٥٢)ی کتێبی ناوبراودا بەڕێزی نوسیویەتی " پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەروەك لە (المسند)ی پێشەوا ئەحمەد بە (مرفوع)ی هاتووە دەفەرموێ (حبك الشيء يعمي ويصم )"[٤] .

واتە " خۆشەویستیت بۆشتێك کوێرو کەڕت دەکات".

بۆیە منیش دەڵێم : سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئـەو حەدیسە ضـعیفة بـەلآم کاکـە قـانع بـۆ گەیانـدنی مەبەسـتو ئارەزووی خۆی چووە لەو ڕووەوە کۆمەڵێك دەقو نمونەو نمونەی شیعریو وتەی ئەم لاو ئەولای هێناوە وەکو بڵێـی تەقویەی حەدیسەکە دەکات ، کاکە قانع تۆ دەبوایە ڕاستیەکەت لەخەڵکی نەشاردبایەتەوە چونکە لەو کتێبانەی کە تۆ سودت لێ بینیون وەکو سەرچاوە هەموو شەرحی حەدیسەکەیان کردووەو پلەی حەدیسـەکەشیان باسـکردووە ، ئیدی چۆن جەنابت لەم هەقەش دەتەوێت ڕابکەیتو خـۆتی لـێ بێئـگا بکـەیت؟! ، دەبوایـە جـەنابت هـەوڵت بدایـە وەکو نوسەر شتەکانت وەکو خـۆی نـەقڵ بکردایـە ، چـونکە بگـەڕێرەوە بـۆ تـەخریجی ئـەو فـەرموودە بزانـە چـۆن هەمووی بەجوانی باسکراوە ، یاخود خۆت چاکی دەزانیت ، بەڵام بەلاتـەوە وتـەی ئـەو زانایانـە مـەردوودەو کاریـان پێناکەی ، چونکە گرنگ ئەوەیە ڕاستە عیشق کوێرو کڕت دەکات ، ئیدی فەرموودە بێت یان نا وەکـو خـۆت وتـەنی

---

[٤] هذا حديث ضعيف ، ضعفه الشيخ الالباني في سنن ابي داود برقم (٥١٣٠) ، وجاء في الضعيف الجامع برقم (٢٦٨٨) ، وجاء في السلسلة الضعيفة للشيخ العلامة الالباني برقم (١٨٦٨) .

(بیشفڕێت هەر بزنە) وایە براکەم ؟ تکایە پێش نوسینی هەر فەرموودەیەك بەجوانی تەخریجی بکەو دواتر بلاَوی بکەرەوە .

٧_ دیسانەوە لەجێگایەکی دیکەدا لەلاپەڕە (٨٥_٨٧) قانع خورشید پشتی بەفەرموودەی هەڵبەستراو بەستووەو بەبێ بنەما دەستیکردووە بەشیکردنەوە ، ئاخر برای خۆم تۆ بنچینەی خانووەکەت دروست نەکردووە ئیدی چۆن دێی دیوار دروست دەکەی ؟! نەك هەرئەوەندەش بەڵکو جەنابی بووە بەفەرمودەناسی سەردەمو وتەی زانایان بەلاوە دەنێتو عەقڵی خۆی دەکاتە پێوەر بۆشتەکان ،دیسانەوە هەر دەڵێم وەکو پێشتر ئامـاژەم پێکرد من ئەم خاڵەیان بەشتێکی سەیر نازانم چونکە گەر بڕوانینە ناونیشانی کتێبەکە دەبینین (عەقڵ)ی پێش (ئایین)خستووە ئیدی چۆن بەبەڵگەو وتەی زانایان ڕازی دەبێت تاوەکو لەگەڵ عەقڵی ئەودا نەگونجێت ؟! ، ئەویش ئەو فەرموودە هەڵبەستراوەیە کە دەڵێ (( من عشق فكتم وعف وصبر فمات فهو شهيد ))[٥] .

واتە " هەر کەسێك عیشق بکات واتە عیشق بکات بەشێوەیەکی پەنهانیو بەشێوەیەکی پاكو لەسەریشی ئارام بگرێت گەر مرد ئەوا پلەی شەهیدی هەیە ".

گەر تەماشای پەراوێزەکە بکەن هەموو بەشێوەیەکی جوان پلەی فەرموودەکەم خستۆتە ڕوو کە فەرموودەیەکی هەڵبەستراوە بەدەمی پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) لەبنچینەدا هیچ ڕاستی یەکی تێدانیە ، چونکە مومکین نیە کەسێك شوێنی ئابڕوو ناموسی خەڵکی بکەوێتو هەموو دەم خەریکی نەزەرکردن بێت بۆکەسێکی نامەحرەم کەچی ئایینی پیرۆزی ئیسلام پلەی شەهادەتی پێ ببەخشێ کە گەورەترین پلەیە لەدوای پێغەمبەرانو ڕاستگۆیان ، بەلاَم کاکە قانع تەنها بەوەوە نەوەستاوە بەڵکو دوای ئەوەی ڕای چەند کەسێك وەردەگرێت دەربارەی لاوازی هەڵبەستراوی فەرموودەکە ، وە هەندێکیان پێیان وایە کە وتەی (عبدالله ی کوڕی عەباس)ە بەلاَم بەهەڵە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ) ، بەلاَم کاکە قانع دەڵێت پێم وانیە لەمەسەلەیەکی وەها هەستیارو گرنگ ئیبنو عەباس قسە بکات ، بۆیە دەڵێت : " ئەمەش ڕێك ئەو جۆرە عیشقەیە کە بەدرێژی باسمان لێوەکردوو وتمان ناتوانرێت بەخراپ ناوزەد بکرێت ! ، ئەوە ماوە بڵێم مەرجی سەرەکی لەخۆگرتنو داوێن پاکیەکەدا ئەوەیە بۆخوا بێت ، ئەگەر واش بوو ئەوە حەققە خاوەنەکەی بگا بەپلەی شەهید ، چونکە ئێشو ئازاری چەند ساڵەی ئاگری عیشق لەئێشی چەند دەقیقەی گڕی سوتان یان ناڕەحەتی خنکان کەمتر نی یە ئەگەر هاتوو ئەوان بەشەهید حیساب کران لەبەر ناڕەحەتی پێش گیان دەرچوونیان ئەوە عاشقیش بەو ئازارانەی دەگا بەو پلەیە ، ئەوەشمان لەبیر نەچێت بەمەرجی سەرەکی دەزانم بۆگەیشتنی عاشق بەم پلە بڵندە پێویستە عیشقەکەی نەویستەکیو ناچاری بێت نەك پێچەوانە "[٦] .

لێرەدا گەر بەجوانی لەوتەکانی کاکە قانع وردبینەوە چەند خاڵێکمان دەست دەکەوێت ، ئەویش ئەوەیە کە :

أ_ بەکورتیو بەپوختی لای کاکە قانیع عیشق دروستەو ناکرێت بەتاوان لەقەڵەم بدرێت ! بەڕاستی ڕەخنەگرتنە لەشەرع چونکە بەعەقڵی کاکە قانیع مرۆڤ تەنها داوێن پاك بێتو لەبۆ خودا بێت ئیدی نەزەرکردنو دەمەتەقێو

---

(٥) هذا حديث موضوع ( فەرموودەیەکی هەڵبەستراوە )، جاء في الضعيف الجامع برقمين (٥٦٩٧_٥٦٩٨) والسلسلة الضعيفة للشيخ العلامة الالباني برقم (٤٠٩) ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نوسیویەتی (وصبر) بەلاَم بەداخەوە لەهیچ سەرچاوەیەکدا ئەو وشەیەی لەگەڵدا نەبوو هەرچەندە خۆی فەرموودەیەکی هەڵبەستراوە ئیدی هەبێت یان نا ئەوا من دەیبەستمەوە بەقسەکەی کاکە قانیع ئیدی چی بۆزیاد دەکات یاخود کەمی دەکاتەوە بەس لەبەر ئەوەی کەشتەکە بەحەلاَڵ دابنێ ، ئەو نەك هەر حەدیسی لاواز بەڵکو مەوزوعیشی وەکو بەڵگە بەکارهێناوە بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانەو نازانم مەبەستی چیە؟ هەروەها سەرەڕای ئەوەیش ئەو حەدیسە تەنها بەو شێوەیە هاتووە (من عشق فكتم وعف فمات فهو شهيد) هەرچەندە هەڵبەستراویشە بەلاَم ئەو بەوەندەوە نەوەستاوە بەڵکو (وصبر)ەشی بۆ زیادکردووە ! ! .

(٦) عیشق لەنێوان عەقڵو ئاییندا ، لا٨٧.

وەستان لەگەڵ كچێك كە نامەحرەمی تۆیەو پەیوەندی ناشەرعی هەموو ئەمانە بۆكوێ چوو كاكە قانیع ؟ خودای گەورە فەرموویەتی ﴿قل للمؤمنين يغضوا من ابصارهم ويحفظوا فروجهم﴾(٧) .

واتە " ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ بەپیاوانی ئیماندار كە چاویان لەئاستی نامەحرەمدا دابخەن وە دامێنیشیان بپارێزن ".

هەروەها خودای گەورە لەئایەتێكی دوای ئەوەدا دەفەرموێت : ﴿وقل للمؤمنات يغضضن من ابصارهن ويحفظن فروجهن﴾(٨) .

واتە " ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بلّی بەئافرەتانی ئیماندار باچاوی خۆیان دابخەن لەئاستی نامەحرەمداو دامێنی خۆشیان بپارێزن ".

پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت (لا يخلون رجل بامراة إلا كان ثالثهما الشيطان)(٩) .

واتە "هەرگیز پیاوێكو ئافرەتێك پێكەوە بەتەنها نابن ئیللا شەیتان سێهەمیانە ".

دوای ئەو دوو ئایەتەو ئەو فەرموودەیە ئایا كاكە قانیع تۆ هەر عیشقت پێ باشەو بەدروستی دەزانی ئەمە چی یە داوین پیسی ناكەنو لەبۆ خوداش ئەو عیشقە دەكەن ؟ ئایا خودا وای پێ فەرموون ؟ ببورە خودای گەورە سەرەتا دەفەرموێت چاوتان دابخەن دواتر دەفەرموێت دامێنتان بپارێزن ، ئایا كەسی عاشق تەماشای مەعشوقەكەی ناكات؟ ببورە برا خۆشەویستەكەم بەڕاستی لەهەڵەیەكی زۆر گەورەدای خودا پەنامان بدات ئیدی چۆن سەرەڕای هەموو ئەو ئایەتو فەرموودانە كە بەحەرامی دادەنێن چۆن تۆ پێداگری لەسەر حەلاڵ بوونی دەكەی تەنها یەك ئایەتو یەك فەرموودەی صەحیحم بۆ بهێنە باشە ؟ بەلاّم لەبری ئەوانە نەچی وتەی موشریكێك یان شیعری شاعیرێكم بەبەلگە بۆبهێنیت چونكە لەشەرعدا ئەو شتانە جێگەی نابێتەوە.

ب_ هەروەها دەڵێت ئەگەر واش بوو ئەوە حەققە بگات بەپلەی شەهید ؟؟! ئایا مامۆستا قانع خوداو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) حەق نازانن تۆ دەیزانیت ؟؟ خودا پەنامان بدات ، چۆن بەشتێك دەڵێی حەقو خوداو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بەحەقیان نەزانیوەو بەرامبەر بەوەش بەتاوانیان لەقەڵەمداوە ؟! بەڕاستی وتەیەكی زۆر ناشیرینەو هەڵەیەكی زۆر گەورەیە.

ج_ هەروەها نوسیویەتی چونكە ئاگری چەند ساڵەی عیشق لەئاگری چەند دەقیقەیەكی سوتانو یان ناڕەحەتی خنكان كەمتر نیە !!!!. برا ئازیزەكەم پێویستە ئەم پرسیارە لەشەرع بكەیت ، چونكە تۆ ئەم وتانە كە دەڵێیت بەڕاستی تانەیە بۆ خودی شەرع چونكە ئەو بەو ئاستەی نەگەیاندووە ؟ ئەو نەیگەیاندووە بەپلەی شەهادەت ، هەر بۆ وەلاّمدانەوەی جەنابت بەكورتی دەڵێم پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەفەرموودەیەكدا باسی ئەو كەسانەمان بۆ دەكات كە بەو شێوەیە گەر بمرن ئەوا پلەی شەهادەتیان پێ دەدرێت وەكو دەفەرموێت (الشهادة سبع سوى القتل في سبيل الله المقتول في سبيل الله شهيد والمطعون شهيد والغريق شهيد وصاحب ذات الجنب شهيد والمبطون شهيد وصاحب الحريق شهيد والدي يموت تحت الهدم شهيد والمراة تموت بجمع شهيد)(١٠) .

---

(٧) سورة (النور) ٣٠.

(٨) سورة (النور) ٣١.

(٩) صحيح الجامع ، رقم (٢٥٤٦).وصحيح جامع الترمذي برقم (١١٧١) وغيره.

(١٠) صحيح الجامع ، رقم (٣٧٣٩).

www.ba8.org

واتە " حەوت جۆرە كەس شەهیدن جگە لە كوشتن لەپێناوی خودا ، كەسێك كە لەپێناوی خوادا بكوژرێت شەهیدە ، كەسێك بەتاعون بمرێت ، كەسێك لەئاودا بخنكێت ، ئەو كەسەی كە دومەڵ لەتەنیشتی یەوە دەردەچێتو بەو هۆیەوە دەمرێت ، وە كەسێكیش بەئێشو ئازاری سكەوە بمرێت ، ئەوەش كە بسوتێت ، ئەوەش كە لەژێر داڕوخاندا بمرێت،ئەو ئافرەتەش كە بەمنداڵبوونەوە بمرێت شەهیدە".

ئایا برا ئازیزەكەم بۆچی پێغەمبەری خودا باسی كەسی عاشقی نەكردووە ؟ یاخود كەباسیشی كردووە بۆچی هاوەڵان نەیانگێڕاوەتەوە ؟ یاخود بۆچی هیچ لەفەرمووەدەناسەكان باسی عیشقیان نەكردووەو بڵێن كەسی عاشق پلەی شەهادەتی هەیە ؟ یاخود هەیە بەڵام تەنها تۆ بیستووتە غەیری تۆ كەس پەی بەشتی وا نەبردووە ؟!! هەموو ئەمانەپرسیار گەلێكن بەڕاستی پێویستیان بەوەڵامگەلێكی وەها هەیە كە پشت بەقورئانو سوننەت ببەستن نەك بەمێشكی سەردەمیانەو تۆ .

د_ لەسەرەتای نوسینەكەدا نوسیویەتی لەمەسەلەیەكی وەها هەستیاردا ناكرێت ئیبنو عەباس قسەی تیادا بكات ، ئەی كاكە قانع كەسێكی وەكو ئیبنو عەباس كەوا یەكێكە لە هەرە شارەزاكانی ئەم ئوممەتەو یەكێكە لەصەحابە هەرە بەڕێزو زیرەكو چاكەكان بۆی نەبێت لەوەها مەسەلەیەكدا قسەبكات ئیدی جەنابت لەكوێی ئەو پلەیەدای كە قسەی تێدا دەكەیتو بەئارەزووی خۆت فەرموودەكە دەهێنیتو دەیبەی بێ ئەوەی كەس ئیجازەی زانایەتی پێت بەخشیبێت لەزانستی فەرموودەناسی دا ، وە گەر مۆڵەتێكی لەو جۆرەشت هەبێت (هەرچەندە شتی وات نیەو لەو مەسەلەیەدا ئەسڵەن شارەزایت نیە) ئەوا دیسانەوە هەربۆت نیە لەو مەسەلەیەدا بیروباوەڕی خۆتت هەبێت قسەی تێدا بكەی ، بۆیە پێم خۆشە هەر ئەوەندە لەسەر ئەم خاڵە بنوسم تاكو زیاتر سەری خوێنەر نەئێشێنم بەنوسینەكانی تۆو وەڵامەكانی من .

٨_ هەروەها كاكە قانع وەكو خۆی لەكتێبەكەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كۆمەڵێك هەن بەهەموو شێوەیەك عیشقیان لا قەدەغەیەو بەحەرامی دادەنێن[١١] وە كۆمەڵێكی دیكە هەن عیشقیان بەپیرۆزو عیبادەت لەقەڵەم داوەو گەڕاندوویانەتەوە بۆ یاسا شەرعی یەكان [١٢] ، وە لەنێوانی ئەم دوو كۆمەڵەیەدا كۆمەڵێكی دیكە هەن دەڵێن : عیشقی دروستو عیشقی نادروستیش هەیە ، عیشقی دروست مرۆڤ پاداشت دەدرێتەوە لەسەریو گەر بەو شێوەیەش مرد ئەوا بەشەهید لەقەڵەم دەدرێت! ، بەڵام عیشقی نادروست مرۆڤ پێی تاوان بار دەبێت[١٣]. بەڵام سەیر لەوەدایە كە بەڕێز مامۆستا قانیع هەر لەسەرەتای كتێبەكەیەوە تاكو كۆتایی هەر بەباشی باسی عیشقو كەسی عاشق دەكات دەڵێت نابێ سزا بدرێ بەڵكو دەبێ پاداشت بكرێتو بگاتە پلەی شەهیدی !! بەڵام گەر

[١١] ئەو كۆمەڵەی بەشی هەرە زۆرینەی زانایانی ئەهلی سوننەتو جەماعەتەو هەموو بەڵگەكانیان لەقورئانو سوننەتەوە سەرچاوەی گرتووەو بەتوندیش وەڵامی كۆمەڵەی دووەمو سێهەم دەدەنەوەو بەبەزاندنی سنووری شەرعیان لەقەڵەم دەدەن. (هیوا زیرەك).

[١٢] ئەم كۆمەڵەیەش بیروباوەڕێكی سۆفیگەرایەتییان هەیەو وە هەندێكیشیان چاولێكەری ڕەوافیزە دەكەن ، هەموو ئاكارو كردارەكانی پێشینانیان بەشەرع دادەنێنو لاساییكردنەوەشیان بەواجبو خواپەرستی دەزانن ، سەرەڕای هەموو ئەمانەش پشت دەبەستن بەكۆمەڵێك شیعرو بەسەرهاتو چیرۆكو ئەفسانەی بێ بنچینەو بێ ماناو پڕو چوچ ، (هیوا زیرەك).

[١٣] ئەمیش بیروڕاكەی كاكە قانیعو كۆمەڵێكی دیكەی هاوبیری ئەون ، بەڵام دەپرسین جگە لەو دوو فەرموودەیە كە یەكێكیان لاوازەو ئەوی دیكەیان لەو خراپترە كە هەڵبەستراوە چ بەڵگەیەكتان بەدەستەوەیە ؟ ئایا ئەو شیعرانەو ئەو وتە نابەجێیانەو ئەو بەسەرهاتەی كە لەزانكۆ تووشت بووە لەگەڵ ڕەفیقەكانتاو ئەو جیاوازیو ئەو ڕاپرسییەی (م.هێمن بابان ڕەحیم) ئایا ئەوانە دەكرێنە بەڵگە لەسەر حەڵاڵێتی ئەو لایەنە باشانەی كەتۆو هاوبیرەكانت وەسفیان دەكەن ؟ بێگومان هەموو ئەمانە پێویست دەكات لە دوو توێی كتێبێكی گەورەدا وەڵام بدرێتەوە .

www.ba8.org

بڕوانینە ئەو خاڵانەی کە ئەو بەنیشانەکانی عاشقی وەسف کردووە دەبینین (٢٣) خاڵی نوسیوە سوێند بەخودا لەو بیست و سێ دانەیەدا تەنها خاڵێکیشی لەگەڵ ئیسلامو شەرعەکەیدا ناگونجێو بەتاوان دەژمێردرێت ، بەلاَم دیسانەوە وەکو پیشەی هەمیشەیی ئەو بەڕێزە بۆ هەر خاڵێك لەو خاڵانە شیعری شاعیرێك یان بەسەرهاتی نێو ژیانی بەشە ناوخۆیی خۆی یان وتەی بێ بنچینەو وتەی بێ بنەمای هێناوەتەوە ، بۆ ئەوەی زیاد لەسەر نەڕۆین بۆیە نەمتوانی هەر (٢٣) خاڵەکە یەك بەیەك بنووسمو وەلاَمیان بدەمەوە ، بەلاَم تەماشامکرد زۆر زۆرە ، ئەو تەنها ئەو بەشە (٣٠) لاپەڕەی ڕێکی بۆ تەرخانکردووە واتە لە لاپەڕە (١١١_١٤١)ی تەرخانکردووە ، بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم بۆکەسی خوێنەر بریا هەموو کەسێك تەماشای خاڵەکانی دەکردو بەڵگەکانیشی دەخوێندەوە ، کە لێرەدا بەکورتی سەردێڕی هەندێکیان دەنوسم بەپشتیوانی خودا ، ئەوانیش :

أ_ مرۆڤی عاشق بەچاوی دەردەکەوێت کە عاشقە ، بەتایبەت نزیك کەوتنەوەی لەمەعشوقەکەی ، عاشق بەردەوام چاوەکانی دەبڕێتە مەعشوقەکەیو جێگای مەعشوقەکەی.

ب_ ئەگەر مرۆڤ لەقسەکانی عاشق وردبێتەوە ، دەبینێ بەزۆری باسی مەعشوقەکەیو هەڵسو کەوتی خۆشەویستەکەی بەسەر زماندا زاڵە ، وە پێی بکرێت لەباسی پەیوەند بە ئەو زاتر باسی هیچ ناکات.

ت_ عاشق بەبەردەوامی حەز لەنزیکی مەعشوقەکەی دەکاتو هەوڵ دەدات بەرەو ئەو شوێنە بڕوات کە مەعشوقەکەی لێ یە.

پ_ لەنیشانەکانی عیشق ئەوەیە کە بەردەوام حەز لەگوێگرتن لەقسەی مەعشوق بکەیتو بەهەموو بیرو هۆش بۆ وتەکانی گوێ شل بکەیت.

ج_ عاشق گوێڕایەڵیکردنی مەعشوقی ئەوەندە لا خۆش دەبێت کە ئەگەر گرانترین کاری بۆ ئەنجام بدات وادەزانێت هیچی نەکردووە.

ح_ یەکێکی تر لەنیشانەکانی عاشق حەزکردنە لەتەنهاییو بێ دەنگی ، زۆرجار دەبینی کەسی عاشقو ئەویندار بەتەنها لەژوورێکدا دانیشتووەو ئاوازێکی هێمنی دڵڕفێنی خستۆتە سەرو نغرۆ بووە لەدونیای خەیاڵو ئەندێشەدا.

خ_ گریان یەکێکی ترە لەنیشانە هەرە دیارەکانی کەسی عاشق.

د_ یەکێکی تر لەنیشانەکانی کەسی عاشق ئەوەیە قسەی پەرتو بڵاو زۆر دەکاتو قسەکانی پەیوەندییان بەیەکترەوە نیە.

ر_ شێتی یان نیوچە شێتی نیشانەیەکی تری عاشقانە.

ز_ نیشانەیەکی تری خۆشەویستی ئەوەیە کەمرۆڤ بەبێ خۆشەویستەکەی چێژ لەهیچ وەرناگرێتو هەموو ژیانی لێ تاڵ دەبێت.

س_ لەشی لاوازو ڕەنگی زەردو ئەندامی سست نیشانەی ئەویندارە.

ش_ شەونخونی خەسڵەتێکی تری عاشقانە.

ع_ عاشق بەسەردانو بینینو قسەکردنو ڕاوەستان لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا خەمو خەفەتو پەژارەی نامێنێو بەدابڕان لێی پەژارەو ئازارەکانی دەگەڕێنەوە جێی خۆیان.

غ_ بەدگومانی سیفەتێکی تری ئەڤیندارانە .

ف_ غیرەکردن دیارترین نیشانەی خۆشەوییستیو ئەڤینە.

من تەنها سەرە دێڕی ئەم (١٥) خاڵەم نوسیوە ئەگینا خۆی زۆر زۆر شیکردنەوەی لەسەر ئەم وتە بێ بنەمایانە کردووە ، لەڕاستیدا خۆی وەکو وتم (٢٣) خاڵە ، بۆیە دیسانەوە دەپرسم ئایا ئەو خاڵانەی کە خستمە ڕوو ئایا کام خاڵی دروستەو بەڵگەی شەرعی لەسەرە؟ یاخود ئایا ئەو خاڵانەی کاکە قانیع کەخستمە ڕوو سەد دەر سەد پێچەوانەی کاری ئیماندارو وابەستە نی یە ؟ ئایا ئەو خاڵانە لەکەسێکدا هەیە کە پێی بووترێت شەهید ؟ ئایا ئایا ئایا ......هتد. وەڵامەکەی دادەنێم بۆ کاکە قانیع بۆ ئەو براو خوشکە ئیماندارانە بۆئەوەی بەدوای هەقو ڕاستیدا بگەڕێنو ئیکتیفا نەکەن بەکتێبی عەقڵانیو دوور لەبنەمای شەرعی ، خودای گەورە منو قانعو ئێوەش لەتاوانی عیشقو بەدڕەوشتی بەدوور بگرێت .

٩_ لەجێگایەکی دیکەدا قانع خورشید شتێکی زۆر هەڵەی نوسیوە ، بەڵام سەرم لەوە زۆر سوڕ دەمێنێت کە ئەو کەسەی کەپێداچوونەوەی بۆکردووە چۆن شتی وای بەسەردا تێپەڕیوەو دەنگی نەکردووە ؟ یاخود چۆن شتی وای پێ قبوڵە ؟ بۆیە من دەڵێم لەوانەیە ڕەشنوسکار هەموو ڕەشنوسەکەی بۆ نەخوێندبێتەوەو بەڵکو چەند بەشێکی کەم کە خۆی ویستی لەسەر بێت بۆئەو کەسەی خوێندبێتەوە کەپێداچوونەوەی بە ڕەشنوسەکەدا کردووە ، والله أعلم ، یاخود چۆن ئەو نوسەرە شتی وا دەڵێت ؟ یاخود یاخود ....هتد.

بەڕاستی کاتێك خوێندمەوە زۆر سەرم سوڕما بەو وتە ناشیرینە ، جگە لەوەی ئەو نوسەرە شتە پێشووەکانیم لەبیرکرد بەڵام بەڕاستی ئەم هەڵە گەورەیە نابێت بەسەر هیچ کەسێکدا تێبپەڕێتو لێی بێدەنگ بێت ، بۆیە قانع خورشید نوسیویەتی " ئەگەر هاتوو نەکرا پەیوەندیو خۆشەویستی نێوان عاشقو مەعشوق بەتاجی زێڕینی زەواج جوان بکەینو هەموو هەوڵێك لەم پێناوەدا بێ سوود بوو بۆنمونە مەعشوق ئافرەتێکی خاوەن مێرد بوو ، یان کەسێك بوو کە بەپێی شەرع مارەی نەدەهات لەعاشقو بە (محرم) دادەنرا ، یان باوكو کەسوکاری کچە یان کوڕە بەرهەڵستکاربوون لەبەیەك گەیشتنی ئەم دوو ئەویندارە ، ئیتر بەهۆیەکی عەقڵی بێت یان هەر لەبەر کەللە ڕەقیو کەم عەقڵی ، هەروەها نەیدەتوانی ژن بهێنێو دڵی نەدەچووە سەر کەسی تر ئەوە ئەو کات باشترین چارەسەر بۆئاسوودەکردنی عاشقو لەیادبردنی مەعشوقە "[١٤] .

شیکردنەوەی وتەکەی قانع خورشید گەر مەبەستی ئەوە بێت یان نا ، هەر ئەوە دەگرێتەوە کە گەر کەسێکی عاشق نەیتوانی بەمەعشوقەکەی بگاتو نەیتوانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵدا ببەستێت بەهۆی ئەوەی کە ، کەسی مەعشوق شوی کردبێت بەکەسێکی دیکەو حاڵی حازر لەماڵی مێردەکەی خۆیدابێت .

منیش دەڵێم : کاکە قانیع ئەو خۆشەویستە پاکەی کە تۆ بانگەشەی بۆ دەکەی ئایا دروستە لەگەڵ زندا بکرێت؟ چونکە تۆ تەنها بەکچەوە نەوەستاوی وەکو لەسەرەتادا ئاماژەت پێکردووەو بەدرێژی باست لێوە کردووە ، بەڵکو ئێستا بۆمان دەرکەوت بەم وتەیەی جەنابت کەوا ئاساییە کەسێك عیشق لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بکات بەڵام لێرەدا مەبەستت ئەوەیە کە کەسی مەعشوق ئێستا خاوەن مێردەو لەوانەشە منداڵیشی بوبێت ؟ ئایا بە چ مەنتیقێك تۆ ئەم قسە بێ مانایە دەکەیت ؟ ئایا ئەوە ئەوپەڕی بێ ئەخلاقیو داوێن پیسی نیە کەکەسێك عیشقبازی لەگەڵ زندا بکات ؟ ئەوە عیشقە پاکەکەیە کەجەنابت دەڵێی شایەنی پلەی شەهادەتە؟ برام لەخوداترسان بکە مەنهەجی ژیانت ، لەخودا ترسان بکە پەیڕەوێك بۆ هەموو نوسینەکانت چونکە تۆ هەر بەوەوە نەوەستاوی کە کەسی عاشق دەکرێت

---

[١٤] عیشق لەنێوان عەقڵوئاییندا ، لا ١٨٢.

www.ba8.org

لەگەڵ كچێكدا عیشق بكاتو دڵی لێی بچێت ، بەڵام ئەی پێم ناڵێی ئەم وتەیەت یانی چیو چیش دەگرێتەوەو مەبەستت لێی چی یە؟

دواتر جەنابی كاكە قانیع دەڵێ " گەر كەسی مەعشوق كەسێك بەپێی شەرع مارەی نەدەهات واتە (محرم) بوو" .

برا ئازیزەكەم نەدەكرا ئەم وتەیەت شی بكردایەتەوە؟ بۆیە منیش دەڵێم : بێ زەحمەت كاكە قانیع سەرەتا ئەوەمان زانی كە بەڕای تۆو هاوبیرانت عیشق دروستە ، دواتر لەچوارچێوەی نوسینەكەتدا بۆمان دەركەوت بەلاتەوە ئاساییە كە كەسێك لەگەڵ ئافرەتێكدا عیشقبازی بكات كەخاوەن مێردبێت ، بەڵام ئەوە كام ئەدەبو كام ڕەوشتە كە كەسێك عیشقبازی لەگەڵ كەسی مەحرەمدا بكات ، ئایا جەنابت تائێستا دەزانیت كەسی مەحرەم كێ دەگرێتەوە ؟ یاخود ئەوەندە خەریكی نوسینی شتی بێ بنەمای ناتوانی ساتێك چاو بەوتەكانتدا بخشێنیتو بەجوانی لێی تێبگەی ، كەسی مەحرەم بریتی یە لە (دایك ، خوشك ، پور ، نەنك ، كچی خوشك ، كچی برا ، خوشكو دایكی شیری ......هتد ) هەموو ئەمانە بریتین لەكەسی مەحرەم ، بۆیە دەپرسم لەكاكە قانیع ، ئایا دروستە لەگەڵ ئەمانەدا پەیوەندی عیشقبازی هەبێت ؟ یان كاكە قانیع نەتزانیوە بلێی چیو نەتپێكاوە ؟ ئەگینا ئەو وتەیە زۆر بێ ماناو شتێكی زۆر ناشیرینە ، چونكە سەیر لەوەدایە تۆ وتەیەك دەدركێنیت بەڵام هیچ بیر لەماناكەی ناكەیتەوە ، بەڵكو تەنها دەتزانی شت بنوسی بەبێ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆمانای شتەكە ، ئەگینا شتی وا مەحاڵە لەسەر لاپەڕە ئایینیو غەیرە ئایینیش بنوسرێت ، ئەم شتەی كەتۆ بانگەشەی بۆ دەكەی مەحاڵە لەكۆمەڵگەیەكی ئەوروپیو ئەمریكی دا هەبێت ، چونكە ئەو شتە ئەوپەڕی بەدڕەوشتی یە ، بەڵام هیوادارم مەبەستت ئەوە نەبێتو تەنها هەڵەیەكی ماناییو حەرفی بێت كەتۆ ئاماژەت پێكردووە ، وە گەرنا من خوێنەری بەڕێزو ئازیزو مامۆستایانی ئایینیو زمانەوانەكان دەكەم بەداوەر بەسەر نوسینەكەتەوە بۆئەوەی هەموویت بەجوانی بۆ شی بكەنەوە بەهیوای ئەوەی تۆش جارێكی كە لەنوسینەكانتدا بەهەڵەدا نەچیتو كاتێكیش شتێكت نوسی هەوڵ بدەی بەجوانی پێیدا بچیتەوەو كەسێكیش پێداچوونەوەی بۆنوسینەكانت كرد بەئامانەتەوە هەرهەمووی بەجوانی بخوێنێتەوە نەوەكو هەڵەیەكی گەورەی لەو جۆرەی بەسەردا تێبپەڕێتو ئەو ئاگای لێ نەبێت یاخود ئاگای لێ بێتو خۆی لەمەسەلەكە بشارێتەوە ، بۆیە داوام لەخودای گەورەیە سەرەتا منو دواتر تۆو دوای ئەوەش خوێنەری ئازیز لەخراپەو هەڵەی زمانو دڵو چاو بپارێزێتو نەكەوینە داوی شەیتانەوەو نەبینە بانگخوازی شەیتان لەبۆ كاری بەدڕەوشتیو حەڵاڵكردنی حەرامەكان.إنه ولي ذلك والقادر عليه.

١٠_ سەرەڕای ئەوەی كە ئەو فەرموودەی پێشوو كە ئاماژەمان پێدا بەوەی كە فەرموودەی هەڵبەستراوە بەدەمی پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) لەبنچینەدا زۆر بێ بنەمایەو هەروەها درۆیەكی گەورەیە بەدەمی پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) ، بەڵام كاكە قانیع بەوەوە نەوەستاوە بەڵكو لە لاپەڕە (٢٢١) تاكو لاپەڕە (٢٢٦) بەس خەریكی شیكردنەوەی ئەو فەرموودە هەڵبەستراوە بووە (من عشق .......) ، دیسانەوە زۆر بەلامەوە سەیرە لەهیچ كام ئەو لاپەڕانەدا نەهاتووە بۆپشتگیری قسەكانیو پشتگیری فەرموودەكەش ئایەتو فەرموودە بهێنێت جگە لەوەی چووە چەندین شیعری شاعیرانی هێناوە ، بەڕاستی من دەپرسم ، ئایا دەكرێت شیعری شاعیران بكرێتە بەڵگە بۆحەڵاڵو حەرامێتی ؟ .یاخود كاكە قانیع چووە وشەی (كتمان)ی بەشێوەیەكی گشتی شیكردۆتەوەو شان بەشانی ئەوەش هەوڵی داوە چ لەسوودی وتەكانیدا دەبینرێت ئەمیش داویەتیە پاڵی عیشقو ڕاستەوخۆ بۆئەوەی زیاتر وتەكانی بەبەڵگەی عەقڵی نەك ئایینی بسەلمێنێت یەكسەر شیعری شاعیرێكی هێناوەتەوەو شیكردۆتەوە .

برا ئازیزەکانم ، خوشکە ئیماندارەکانم ئەم بەشە کە بڕیاربوو تایبەت بکرێت بەگفتوگۆیەك لەگڵ (قانع خورشـید) دا کە نوسەری ڕەشنوسی (عیشق لەنێوان عەقڵو ئاییندا)یە ،لێرەدا کۆتایی پێ دێنم بـەهیوای ئـەوەی خـودای گـەورە لەهەڵەو کەمو کورتیەکانی منو قانع خورشید ببورێت ، وە خوێنەری بەڕێزیش شـادومان کـات بەخوێندنـەوەی ئـەو کتێبو بلاوکراوانەی کە پشت بەبەڵگەی قورئـانو فـەرمووده صـەحیحەکان دەبەسـتن ، بەڕاسـتی زۆر حـەزم نـەکرد درێژە بەوەلأمـەکانم بـدەم وە سـەرەڕای ئـەوەش هـەموو وەلأمـەکان سـوپاس بۆخـودا بـەو نیەتـەوە نوسـیومە کـە هەڵـەکانی ئـەو ڕەشنوسـکارە چـاك بکـەمو هیواداریـشم ئـەو بـەڕێزە بەنوسـینەکانیدا بـچێتەوەو کـاتێکیش شـتێك دەنوسێت هەوڵ بدات بەجوانی پێیدا بچێتەوە چونکە هەموو کەس شایەنی هەڵەیە ، جا گرنگ ئەوەیە کەسـی هەڵەکـەر بەخۆیدا بچێتەوەو بەزوویی هەڵەکانی چارەسەر بکات بۆئەوەی بەهۆی هەڵەی ئەوەوە کەسی دیکەش تووش نەبێت.

## دوا وتە :

زۆر سوپاسی خودای تاکو تەنها دەکەم بەوەی مۆڵەتی دامو تـەمـەنی درێـژکردمو لاشەسـاغی کـردم تـاوەکو توانیم لەو ماوەیەدا ئەم نامیلکە بچووکە ، هەرچـەندە شـتێکی وانیـە ، بخەمـە بەردیـدەی خوێنـەرانی کـورد زمـانو نـەوە تـازە پێگەیـشتوانی ئـەم نیـشتیمانە شـیرینە ، بـەو هیوایـەی تـوانیبێتم شـتێك بەشـتێك بکـەم بۆئـەوەی گەنجـەکانمان ، جـا چ کـوڕ بێـت یـاخود کـچ شـەیدای بکـەم بەحوکمـە شـەرعی یـەکان سـەبارەت بەمەسەلەیەکی گرنگ کە ئەمڕۆ لـەگۆڕەپانی ولأتـانی ئـیسلامی بەگـشتیو کوردسـتانی خۆشمـان بەتایبـەتی بوونی هەیەو قورساییەکی گەورەشی دروستکردووە لەسەر ئاستی پەروەردەو ڕەوشتی کۆمەڵگای ئیسلامی ، وە تاکـە مەبەسـت بەپـشتیوانی خـودا ئەوەیـە لـەم ڕۆژگـارە پـڕ مەترسـیدارە جـا چ شـبوهات بێـت یـاخود شەهەوات ڕاستەوخۆ مێشکی لاوانمان داگیردەکاتو بەو شێوەیەش هـەنگاوێك لەشـەرعە پاکەکـەی ئـیسلامو لەڕاستە شەقامەکەی ئیسلام بەدووری دەگرێتو هەولی ڕێگا ونکردنی دەدات ، بەو مەبەستەش دەبێت وا لـە لاوانی ئازیز بکەین شوێنی کارە بزێوەکانی شەیتان نەکەوێت بۆئەوەی بەهەشتی پانو بەرین ببێتـە ئارامگـاو نشینگەی دواڕۆژی ، وە لاوانی ئازیزیش خۆشەویستی ئافرەتێکی نامەحرەم وایان لێ نەکات لەخۆشەویستیو زیکرو یادی خودا غافڵ ببن ، چونکە دوو شتی پێچەوانەوە دژ بەیەکتر لەدڵێکدا کۆنابنەوە.

هەروەها خوشکە ئیماندارەکانم ، برا بـەڕێزەکانم گـەورەترین هۆیـەك کـە کاریگـەری هـەبێت بـۆ سـەر لاوانو تووشی تاوانی عیشقیان بکات ، لەم ڕۆژەدا بریتی یە لە (تەلەفزیۆنو مۆبایل) بەڕاسـتی زیـانی هەریـەکێکیان تەماشا بکەین دەبینین لەوی دیکەیان خراپترەو زیاترە ، چونکە تەلەفزیۆن ڕۆژانە سەدەها گۆرانیو چەندین فیلمو درامای ڕۆمانسی یەت پێشکەش دەکاتو دەیەها کچی شۆخو شـەنگو ڕازاوە دەخاتـە سـەر شاشـەو بەرنامە پێشکەش دەکات ، گومانی تێدانیە لێـرەدا مـن ڕووی دەمـم دەکەمـە هـەموو کەناڵـە کـوردی یـەکان بەئیسلامیو عیلمانی یەوە ، چـونکە کـچی سـەر ڕووت لەهەردووکیانـدا دەبینرێت ، دراماو فلیمـە ڕۆمانـسی یەکان هەردووکیان پێشکەشی دەکـەن ، کـچی شـۆخو شـەنگ هـەردووکیان دەیخەنـە سـەر شاشـەو بەرنامـە پێشکەش دەکەن ئیدی هیچ جیاوازی یەك نیە لەنەزەرداو وەکـو یـەك تاوانیـان هەیـە ، وەکـو باسیـشمانکرد سەرەتای هەر عاشق بوونێك لەنەزەرەوە دەست پێ دەکاتو دواتر پلە بەپلـە تاوانـەکان بەرزدەبنـەوە تـاکو

دەگاتە زیناو داوێن پیسی ، جگە لەهەموو ئەمانەش من بەپێویستم زانی ئەو نوسینە لەسـەر کتـێبی (عیـشق لەنێوان عەقڵو ئاییندا)ی بەڕێز (قانع خورشید)بنوسم جگە لەوەش خوانەخواستە من هیچ تەشهیرێك بەو بـرا ئازیزە ناکەم هەرچەندە لەنزیکەوە یەکتریش ناناسین بەلاَم تکام لەو برایە ئەوەیە تەنها شتی جوانو بەبەڵگە بخاتە ڕوو خودای گەورەش لەتاوانو هەڵەکانی منو ئەویش ببورێت.

لەکۆتایی دا داوام لەپەروەردگاری مەزنو خاوەن گەردوون ئەوەیە سەرەتا منو دواتر ئێوەی بـەڕێزیش لـەو تاوانە بەدووربگرێتو ڕەوشتو ئاکاری موسوڵمانەمان بەنسیب بکاتو دوورمان بخاتەوە لەهـەموو شـتێك کـە ئەو پێی ناڕازی یە ، وە ئەم نامیلکەیەش هەرچی تەواوی یەکی تێدا هـەبوو گومـانی تێدا نیـە ئـەوە فـەزڵی خودایە بەسەرمەوەو لەڕۆژی دواییـدا موحاسـەبەی لەسـەر دەکـرێمو هـەر کـەمو کوڕییەکیـشی تێدابوو ئـەوا نەفسی خۆمە کە بەهەڵەمدا دەباتو گومانی تێدا نی یە لەدواڕۆژدا لەسەری سـزا دەدرێم ، هەربۆیـە ئیمـامی عەلی (ﷺ) کاتێك دەپاڕایەوە لەخودای گەورە دەیفەرموو " ئەی پەروەردگار خراپەکانی من هیچ کات زیانت پیَ ناگەیەنێت ، وە ڕەحمەتو میهرەبانیت بۆمن هیچ کات لەتۆ کەم ناکاتـەوە ، بۆیـە ئـەی پـەروەردگار لـێم خۆش بە لەوەی زیانت پێناگەیەنێتو پێم ببەخشە لەو شتەی لـەتۆ کـەم ناکەتـەوە ". وە ئێـوەی بـەڕێزیش ڕەزیلی مەکەن لەدوعای خێر بۆمانو بۆ هەموو ئیمانداریکی دیکەش .

وأخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين
والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى أله وصحبه وسلم أجمعين

بەپشتیوانی خودا ئەم نامیلکەیەش کۆتایی پێهات

=====================

هالیەری بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بیَ بەشمان مەکەن